دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٥٦٣

پێنجشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٠ - ٢١ی جولای ٢٠١١ • ١٥٠ تمەن • ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



بەیاننامە



سوپاسنامە لە پێوەندیی لەگەڵ مانگرتنی ٢٢ی پووشپەردا
٣

مافی مرۆڤ



«کورتەباسێک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ»
٥

دیپلۆماتیک



بە بۆنەی دەست بەکاربوونی دوکتور ئەحمەد شەهید
٦

ژینگە



سووتاندنی دارستانەکان کارەساتێکی ویژدانهەژێن
٩


# ئەمجاریش ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەسەر هەڕەشەی بکوژانی د. قاسملوودا سەرکەوت



ئەمساڵیش، خەڵکی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی و سەراسەری یادی شەهید بوونی د. قاسملووی ڕێبەریان کردەوە و نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە.

سەرەڕای هەڕەشە و ترساندن، بانگ کردن، بەڵێننامە پێ نووسین و گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە لە چەند حەوتوو بەر لە ٢٢ی پووشپەڕەوە دەستی پێ کردبوو، وێڕای ئەوەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی د. قاسملووی ڕێبەردا، ژمارەیەکی زۆر هێزی سەرکوتکەری خزاندبووە ناو شارەکان، خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین، یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدەیان بەرز ڕاگرت و لە ساڵڕۆژی شەهید بوونەکەی دا، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کردەوە. سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی گشتی لە حاڵێکدا بوو کە کۆماری ئیسلامی، گرفتی خستبووە سەر پێوەندییە تەلەفوونییەکان و ناردنی کورتەنامە، پاڕازێتی خستبووە سەر کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی کوردکاناڵ و تیشک تیڤی و هێرشی سایبێریی کردبووە سەر ماڵپەڕەکانی سەر بە حیزبی دێموکڕات.

بۆ ڕێزگرتن و پێزانین لە خەڵکی کوردستان بە بۆنەی پێشوازییان لە بانگەوازی درێژەدەرانی ڕێگای د. قاسملووی شەهید لە پێوەندی لەگەڵ ٢٢ی پووشپەڕدا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سوپاسنامەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە هەر لەم ژمارەیەکی «کوردستان»دا دەکەوێتە بەر سەرنجی خوێنەران.

بەیاننامە

## هەڵوێستمان لە بارەی نوێترین هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی

### بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە

ماوەی چەند ڕۆژێکە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، وێڕای تۆپباران، هێرشێکی نیزامییشی لە چەند خاڵەوە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەست پێ کردوە. بیانووی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم هێرش و دەستدرێژییە ئاشکرایە، بوونی هێزەکانی «پەژاک» لەو ناوچانەیە. بەڵام ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە لەو کاتەوە کە خەڵکی باشووری کوردستان ئازادن و خاوەنی حکوومەت و پارلمانی خۆیانن، تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان، دەستدرێژیی هەوایی و زەمینی بۆ سەر خاکی هەرێم و زۆر کردەوەی خراپکارانە و پیلانگێریی دیکە بۆ تێکدانی سەقامگرتوویی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە گۆڕێدا بووە و بە داخەوە بووە بە شتێکی ڕۆژانە و ئاسایی.

لە پێوەندی لەگەڵ نوێترین ئاگرباران و هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنوورەکانی خاکی هەرێم دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک لە لێدوانی بەرپرسان و هەڵوێستی ڕاگەیەنەکانی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەرکەوتوە، ئاگرباران و لەشکرکێشیی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێم و گەیاندنی زیانی گیانی و ماڵی بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بە توندی مەحکووم دەکا. هەر لەم کاتەدا سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان بە بنەماڵە، کەسو کارو هاونیشتمانانی تازەترین قوربانییەکانی تۆپباران و هێرشی نیزامیی ڕێژیمی ئێران و لە نێو ئەوان دا کۆمەڵێک لە گریلاکانی پەژاک کە لە بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێرشەدا، گیانیان بەخشیوە، ڕادەگەیەنین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو هێزە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە گشتی و سەرانسەری عێراق،لەکۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان و هەموو بەشەکانی عێراق داوا دەکا دژی هێرش و دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە. ئێمە پێمان وایە هەم دەوڵەتی عێراق دەبێ لەم پێوەندییەدا هەڵوێستی جیددی و شیاوی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ، هەم ئەمریکا بەبۆنەی بەرپرسیارەتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵک و خاکی وڵاتی عێراقدا، پێویستە سنوورێک بۆ مەیدانداری و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەراسەری عێراقدا، دابنێ.

ل ٢

## خالید عەزیزی: خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران بە ئاکام دەگا




ڕۆژی شەممە ٢٥ی پووشپەڕ، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنی بەرنامەی تەفسیری خەبەری بەشی فارسیی دەنگی ئامریکادا بەشدار بوو و وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بەرنامەیەی لە سەر پرسەکانی تایبەت بە ئێران و کۆمەڵگای ئێران و کوردستان داوە.

سکرتێری گشتیی حدک لە وڵامی پرسیارێکدا لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی کێشەکانی نێوخۆیی دەسەڵات لە سەر تێفکرینی خەڵکی کوردستان وتی تا ئەو جێگایەی کە پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، خەڵکی کوردستان لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵیان داوە پرسەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئازادیی زیندانیانی سیاسی و ئازادیی حیزبە سیاسیەکان لە ئێران چارەسەر بکرێ و کورد بە شوێن ئەوەدا بووە کە لە ئێران دەسەڵاتێک بێتە سەر کار کە لە بەرامبەر ویست و داواکانی خەڵکدا وەڵامدەر بێ. ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە کە بە گوێرەی تواناکانی خۆمان لە کوردستان ئەو فەرهەنگە لە نێو خەڵکی ئێراندا پەرە پێ بدەین.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## سێهەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەستی پێکرد

لە ژێر دروشمی «لە پێناو چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان»، سێهەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٧/٢١ لە شاری هەولێری پێتەخت دەستی پێکرد. ئەم کۆنگرەیە، لە ماوەی ٣ ڕۆژ دانیشتن و بیروڕا گۆڕینەوەی ڕۆژنامەنووسان دا کار و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکا. لەم کۆنگرەیەدا، هەیئەتێک لە دەستەی نووسەرانی «کوردستان» کە هەڵگری پەیامی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ کۆنگرەن، بەشدارن.

## دژکردەوەی ئەمریکا و فەرانسە بەرامبەر وەکارکەوتنی سانترفیووژە پێشکەوتووەکانی ئێران



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی وەگەڕخستنی سانترفیووژە نوێیەکان لە لایەن دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران لە دژکردەوەیەکدا، دیسان ئێرانی بە لادان لە بەڵێنە نێونەتەوەییەکانی خۆی تاوانبار کرد.

پێشتر ڕامین مێهمانپەرست، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆژی سێ شەممە ٢٨ ی پووشپەڕ هەواڵی وەگەڕخستنی سانتریفیووژە نوێیەکانی ڕاگەیاندبوو کە خێراییەکی زیاتر و کەیفیەتێکی باشتریان هەیە.

ئەوەش لە کاتێک دایە کە سێ ڕۆژ پێش بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، یوکیانۆ ئامانۆ، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ڤییەن بە عەلی ئەکبەر ساڵحی، وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندبوو کە وڵاتەکەی هەروا لە سەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێنە نێونەتەوەییەکانی خۆی بەردەوامە.

ئالێن ئایێر، وتەبێژی فارس زمانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لە وتووێژ لە گەڵ بەشی فارسیی بی بی سی‌دا وتوویەتی: «ئێران دەبێ داوا یەک لە سەر یەکەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئاژانسی وزەی ناوکی لە سەر بەرنامە ناوکیەکەی بەجێ بگەیەنێ و لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ئەو داوایانەدا ئێران دەبێ چاوەڕوانی چارەنووسی داهاتووی خۆی بێ».

هەروەها فەرانسەش وێڕای مەحکووم کردنی وەگەڕخستنی سانتریفووژە نوێیەکان ڕایگەیاند ئێران بەو کارەی زیاتر دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و بەجێی چارەسەری ئەم کێشەو هاوکاری مەیدان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی زیاتر خۆش دەکا.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان:

## ئێران ڕێزی سنوورەکانی عێراق بگرێ!



دوابەدوای کردەوە نیزامیەکانی ڕێژیمی ئێران لە دژی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێژیمی ئێران دەربڕیوە و وتوویانە کە کوردستان بەشێک لە عێراقە و ئێران دەبێ ڕێز بۆ سنوورەکانی عێراق دابنێ.

د. کاوە مەحموود، وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێرانی بە دەستدرێژیی بەربڵاوی چەکدارانە بۆ سەر سنوورەکانی عێراق تاوانبار کردوە و وتوویەتی کە ئەگەر ئێران کێشەی سنووری لە گەڵ عێراق هەیە، دەبێ لە ڕێگەی دیالۆگ و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەری بکا، نەک ئەوەی کە ئەو ناوچانە بخاتە بەر هێرشی تۆپخانەکانی خۆیەوە.

هەواڵنێرێکی کورد بە هەواڵنێری دۆیچێوێلەی ڕاگەیاندوە کە کۆمەڵێک لە چالاکانی بواری ژنان لە نامەیەکی سەرئاوەڵەدا هاتنە ئارای ئەو تێکهەڵچوونانەیان مەحکووم کردوە و وتوویانە کە کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی غەڵەتی بۆ دەرباز بوون لەو کێشانەی بەرۆکی گرتوە هەڵبژاردوە. ئەوان پێداگریان لەسەر ئەوە کردوە کە شەڕ کۆتایی بە کێشەکان ناهێنێ.

چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانیش داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە هەرچی زووتر پاشەکشە بە هێزەکانی بکا و کۆتایی بە هێرشە نیزامییەکەی بهێنێ.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٢ ی پووشپەڕ ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٢ ی پووشپەڕ و لە ٢٢ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڤیەن پێک هێنا.

پێشنیوەڕۆی چوارشەممە، ٢٢ ی پووشپەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە ڕێبەردا، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ئامانجەکان و ڕێگا پڕ شانازییەکەی، داواکارە بیرەوەریی تێرۆری ناجوانمێرانەی ئەو کەسایەتییە مەزنە، هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ یەککگرتوویی و هاوخەباتیی هەرچی زیاتر و هاتنە مەیدان و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی تێرۆریزم و سەرکوتی



کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کە لە ساڵۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ٦٨ بەرز ڕاگیرا و لە گەڵ ئامانج و ڕێبازی شەهید قاسملوو بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.

ئەو ڕێوەرسمە بە مارشی دوژمن بەزێنی «ئەی ڕەقیب» و دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی دەستی پێ کرد، پاشان کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی دەوڵەتی، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێران دا.

لەو ڕێوڕەسمەدا هونەرمەندان سابات حەمید، ساوێن حەمید و سەرمەند بە دوو سروودی « شەهید» و « خوایە وەتەن ئاواکەی»، هونەرمەند ئاوات بۆکانی بە هاوکاریی گرووپی هونەریی سەنتەری گەنجان بە دوو سروودی « قاسملوو» و « دایە گیان» ڕێوڕەسمەکەیان پتر ڕازاندەوە.

هەر لەو ڕێوەسمەدا بەڕێزان قادر بەشدار و سولەیمان دڵسۆز بە خوێندنەوەی دوو پەخشانی ئەدەبی، گوڕ و تینێکی تایبەتیان بە یادی ٢٢ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەخشی.

— — — — — —

# سمینارێکی سیاسی _ تەشکیلاتی بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە شاری ستۆکهۆڵم

ڕۆژی شەممە ٠٩ ـ ٠٧ ـ ٢٠١١ کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد سیمینارێکی سیاسی _ تەشکیلاتیی بۆ ئەندامانی حیزب لە وڵاتی سوئێد بە بەشداریی بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و بەڕێز ئێقباڵ سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێک هێنا.

سەرەتا کاک نەبەز عەلیدووست بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە وڵاتی سوئێد بە خێر هاتنی بەشدارانی ئەم سمینارەی کرد و بە ناوی کۆمیتەی حیزب ڕێزی لە یادی ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی ڕێبەری پایەبەرزی گەلەکەمان کاک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی گرت. دوابەدوای سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی ٢٢ ی پووشپەڕ، بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی، باسەکەی خۆی بۆ بەشداران لە دوو تەوەر دا دەست پێکرد. لە تەوەری یەکەم دا باسێکی پوختی لە سەر ڕوانگە و بیروبۆچوونی شەهید دوکتور قاسملوو پێشکەش کرد و ئاوڕێکی لە ژیان و تێکۆشانی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بوارەکانی سیاسیی و تەشکیلاتی و هەروەها نێونەتەوەییدا دایەوە و جێ پەنجەی شەهید دوکتور قاسملووی بە بزووتنەوەی کوردەوە بە بەرزی نرخاند. تەوەری دووهەمی باسی بەڕێز کاک مستەفا باسێکی کورت بوو لە سەر دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی ١٥ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەڕێزی ئاماژەی بە کارەکانی ٧ ڕۆژ کاری کۆنگرە کرد و کۆمەڵێک بڕیار و پەسەندکراوی کۆنگرەی بۆ ئەندامان باس کرد و چەند بڕیاری بۆ ئەندامان شی کردنەوە. لەم بەشەدا وێڕای تیشک خستنە سەر کاری سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەدا باسی لە پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ بەشی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی کوردی و ئێرانی و خارجییەکان کرد و پەیامی هاوخەباتی و هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە گەڵ هێزە سیاسییەکان بە گشت لایەک ڕاگەیاندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سیمینارەدا بەڕێز کاک ئێقباڵ سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای ڕێز گرتن لە گەورەیی یادی ٢٢ ساڵەی شەهید دوکتور قاسملوو باسەکەی خۆی لە سەر ئاکامی کۆنگرەی ١٥ ی حیزب دەست پێکرد. بەڕێزیان وێڕای ئەوە کە خۆشحاڵی لە تەواو بوونی کۆنگرەی ١٥ ی حیزب وەک ئەسڵێکی دێموکراتیک دەربڕی، لە هەمان کاتدا چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە کارەکانی کۆنگرەی بۆ بەشداران باس کرد پاشان بەشدارانی سیمینار بۆ دەوڵەمەندتر کردنی باسەکان چەندین پرسیارو تێبینی جۆراوجۆریان لە مەڕ باسەکانی کۆڕگێران ئاراستەی بەڕێزان کاک مستەفا و کاک ئێقباڵ کرد و دواتر بەڕێزانی کۆڕگێریش وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە و بەم شێوەیە سیمینار دوای دوو کاتژمێر و نیو کۆتایی پێ هات.



— — — — — — — — — — —

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ٢٢ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دا لە نۆرویژ

ڕۆژی شەممە ١٦ی جولای ٢٠١١، سمینارێک بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وکاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دوکتور فازڵ ڕەسوڵ، مامۆستای زانستگا، کە بە دەستی دیپلۆمات ـ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر میزی وتوویژ شەهید کران، لە لایەن کۆمیتەکانی حدک و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بە بەشداری ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک هات حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار بریتی بوون لە پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پژاک و حیزبی شیوعی کوردستان کە بەو بۆنەوە پەیامی هاودەردیی خۆیان ناردبوو.

سەرەتای بەرنامە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەتی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەر کرایەوە.

پاشان پەیامی کۆمیتەی نۆرویژی حدک لە لایەن هاوڕێ ئالان نەبی‌زادە، ئەندامی کۆمیتە خوێندرایەوە.

دواتر بەڕێز کاک حەسەن حاتەمی جێگری کومیتەی ناوەندیی حیزب باسێکی سەبارەت بە ژیان و خەباتی شەهید دوکتور قاسملوو لە پێنج قۆناغ دا، پێشکەش کرد.



لە قسەکانی بەڕێز حاتەمی وێڕای باسکردن لە ژیان و تێکۆشان و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ئاماژەی بە پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لەداو خستنی دوکتور قاسملوو لە ڕێگای ئاشتیانەی چارەسەری مەسەلەی کورد بە شێوەی وتوویژ کرد ـ بەڵام بە داخەوە نادروست بوونی میکانیزمی دانیشتنەکە بوو بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکەی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی.

لە بەشی دوویەمی سمینارەکەدا، هاوڕێ حاتەمی وڵامی پرسیارەکانی دایەوە و دواتر ژمارەیەک لە بەشداربووان بە تێبینییەکانی خۆیان باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد. هەروەها دواتر لە سەر داوای بەشداربووانی سمینار، کەسایەتیی ناسراوی سیمای دێموکرات، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە ـ کە بەشداری سمینارەکە بوو ـ ، سەبارەت بە چۆنیەتیی بە دواداچوونی پەروەندەی جینایەتی ڤییەن و ڕەوتی ئەو پەروەندەیە و کەوتنە ژێرکاریگەریی سات و سەودای ئابووریی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ هەردووک وڵاتی ئێران و عێراق و هێندێک بابەتی دیکە بە وردی دوا.

پێویست بە ئاماژە کردنە کە نێوە بە نێوە لە سمینارەکە دا، شێعر و پەخشان و وتە بەنرخەکانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، لە لایەن خوشکە جەمیلە قادرییەوە پێشکەش دەکرا.

— — — — — — — — — — — —

دریژەی:

# خالید عەزیزی: خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران بە ئاکام دەگا

بەڕێز عەزیزی لە درێژەی وڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی کە لە ئێراندا دوو سیناریۆمان هەیە یەکێکیان داواکانی خەڵکی کوردستانە و ئەوی دیشیان کۆماری ئیسلامی و کێشەکانی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمەیە کە هیچ پێوەندییەکیان بە چارەسەریی ئەو داوایانەی خەڵکی کوردستانەوە نیە و بە هۆی ئەو ناکۆکیانە ناتوانن هیچ کێشەیەکی خەڵکی کوردستان و ئێران چارەسەر بکەن و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ناکۆکیەکان زیاتر دەبن. ئامانجی ئەوان لەو ناکۆکیانە ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێراندا لە بەرژەوەندی خۆیاندا خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

سکرتێری گشتیی حدک لە وەڵامی بەشێکی دیکە لە پرسیارەکان سەبارەت بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئەوە کە ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لەوەی کە لە کوردستان لە ئارادایە، هیچ زانیاریەکیان نیە؛ گوتی کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ئەمنیەتی دەڕوانێتە ناوچەکانی کوردستان و بە گشتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا زۆر خراپە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا کراوەتە شتێکی قانوونی و وەک فەرهەنگێکی لێ هاتوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئەمنیەتی دەڕواننە کوردستان ئەو پێشێلکارییانە لە کوردستان زۆر زیاترن، ئەگەر لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە سەیری پرسەکە بکەین لەو پێوەندیەدا زۆر کار دەتوانرێ بکرێ بەڵام پەرش و بڵاویی حیزبە سیاسیەکانی ئێران و نەبوونی بەرەیەکی هاوبەشی ئێرانی پێکهاتوو لە تەواوی نەتەوەکانی ئێران کە ببنە نوێنەری گەیاندنی ئەو پرسە بە کۆمەڵگای جیهانی، بۆتە هۆی کە ئەوان نەتوانن لۆبیی خۆیان لە دەرەوەی ئێران وەگەڕ بخەن.

بەڕێز عەزیزی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە ئەو خوێندنەوەیەی ئێران لە سەر مافەکانی مرۆڤ هەیەتی بە هیچ شێوەیەک نە لە نێو ئێران و نە لە دەرەوەی ئێران قەبووڵ ناکرێ و لە درێژەی ئەو سی ساڵەدا خەڵکی ئێران دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە دژی ئەم شێوەیە لە خوێندنەوەی مافەکانی مرۆڤ دەربڕیوە و خەباتیان کردوە و ئەو ناڕەزایەتیانە تەنانەت دنیای دەرەوەشی گرتۆتەوە.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی دا و لە وەڵامی پرسیارێک لە سەر شوێندانانی گۆڕانەکانی ئێستای ناوچە لە سەر ئێران وتی: بەشێک لەو گۆڕانانەی ناوچە دەتوانێ کاریگەریی ناڕەزایەتیەکانی ٢ ساڵی ڕابردووی خەڵکی ئێرانی لە سەر بێ و پەیامێکییان هەیە بۆ خەڵکی ئێران کە خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی بە ئاکام دەگا و بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەست لە کارو باری سوورییە وەردەدا ئەو گۆڕانانەی ئەوێ دەتوانن کاریگەریی هەبێ لە سەر ئێران و ئەو شەپۆلە دێموکراسیخوازیە لە داهاتوودا دەگاتە ئێرانیش.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٢ ی پووشپەڕ لە سەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو لە پاریس

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی فەرانسە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەر ساڵرۆژی شەهید کرانی دکتۆر قاسملوو و هاورییانی ڕێوڕەسمێکی بە ئامادە بوونی بەشێک لە ئەندامان و ئۆگرانی دکتۆر قاسملوو لە سەر گلکۆی شەهیدان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوریسمەدا تاجی گوڵ لە سەر گلکۆی شەهیدانی ڤیەن داندرا و پەیامی کۆمیتەی حیزب بەو بۆنەوە لە لایەن قادر محەممەد گوڵ، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فەڕانسە خوێندرایەوە.

پاشان شێعری «هەمیشە قاسملوو، هەمیشە قاسملوو» ی شاعیری ناودار شێرکۆ بێ کەس لە لایەن جەمال نەجاری یەوە خوێندرایەوە.

لە کۆتایی دا هاوریيان سەردانی گلکۆی شەهید دکتۆر سەعید و هاوڕێیانیان کرد و پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

دریژەی:

# هەڵوێستمان لە بارەی نوێترین هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە

گومانی تێدا نییە کە بەشێک لە ئامانجە شوومەکانی لەشکرکێشی و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، پیلانگێڕی لە دژی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەم ڕاستییە دەبێ هاندەری حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان بۆ هاوفکری و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بێ.

جێی خۆیەتی ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش دڵنیا بکەینەوە کە ناوەندی سەرەکیی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە و مەترسیی هەرە گەورە بۆ سەر ئێستا و داهاتووی ڕێژیمەکەیان،خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران و خۆراگری و ناڕەزایەتی دەربڕینی ئەوان لە نێوخۆی وڵات دایە. هەر بۆیە بە لەشکرکێشی و ئاژاوەگێڕی لە دەرەوەی سنوورەکان نە دەتوانن بە سەر ئەو قەیرانانەدا زاڵ بن کە لە نێوخۆی وڵات داوێنگیری ڕێژیمەکەیان بووە، نە خەبات و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد و خەڵکی ئێران بە گشتی، دژی ئەو ڕێژیمە کۆتایی پێ دێ. بەم تێگەیشتنەوە، ئێمە چاوەڕوان و هیواداریین سنووربەزاندن و هێرشی تازەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ مەحکوومکردنی بەرین لە ئاستی ناوچەو جیهاندا بەرەورووبێ و لە ئاستی ئێرانیش دا بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ دەستدرێژییەکانیان و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەیان لە ناوچەدا، وڵامی پێویست لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران وەربگرنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٩ی پووشپەڕی ١٣٩٠**
**٢٠ی ژوئیەی ٢٠١١**

## پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی

# بیست و دووهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانیەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**تێکۆشەران! ئەندامان و ئۆگران**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

هێز و لایەنە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان و ئێران!

٢٢ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و سیمای هەرە دیاری جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمەی، لەسەر مێزی وتووێژ و دانوستان لە شاری ڤییەن، لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و د. فازڵ ڕەسووڵ، کوردێکی باشووری کوردستان، شەهید کرد.

ئەم ساڵ بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٢ ساڵ بەسەر ئەو کردەوە تێرۆریستییەدا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان، جارێکی دیکە نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، دووپات دەکەنەوە و وەفاداری و بەردەوامیی خۆیان بە ڕێگا و ئامانجەکانی ڕێبەری شەهید، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو نوێ دەکەنەوە.

ساڵ بە ساڵ تادێ، ناوی دوکتور قاسملوو و بیرەوەریی تێرۆر کردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، پتر دەبێتە هەوێنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و نارەزایەتی دەربڕینی تێکڕایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمساڵیش، لە حاڵێکدا هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، لە چەند حەوتوو لەمەوبەرەوە دەستی کردوە بە هەڕەشە کردن و هەلومەرجێکی تەواو نیزامی و پۆلیسیی لە شارو شارۆچکە و شوێنە ئاستەمەکاندا زاڵ کردوە، خەڵکی خەباتگێر و بەهەڵوێستی کوردستان، بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ و یادی د. قاسملوو دەکەنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی سەر لەنوێ، بە دەنگی بەرز و بە ڕاشکاوانەترین شێوە، بێزاریی خۆیان لە دەسەڵاتدارانی ئێران، بکوژانی د. قاسملوو ڕابگەیەننەوە.

لە ماوی ٢٢ ساڵی ڕابردوودا، زۆرجار لە بۆنە و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆردا، کەسایەتی و لایەنەکانی ژیان و خەباتی د. قاسملوو قسەی لەسەر کراوە و لە بارەیەوە نووسراوە. بەو حاڵەش جێی خۆیەتی ئاماژەیەکی کورت بە خزمەتەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە بە حیزبی دێموکڕات و پرسی ڕەوای نەتەوەکەی بکەین:

د. قاسملوو بوو کە پاش ساڵانێک تەفرەقە و ناکۆکی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، حیزبی لە پرش و بڵاوی ڕزگار کرد. دوکتور قاسملوو بە لە دەست گرتنی سوکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، سەربەخۆیی سیاسی هێنایە نێو بەڕێوەبەریی حیزب. ڕێوشوێن و پرەنسیپی دێموکڕاتیک و ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەی لە حیزبدا جێگیر کرد. پابەندبوون بە ئوسوول و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بەیاننامە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤی هێنایە نێو تەشکیلات و ڕێکخراوە سیاسی و نیزامییەکانی حیزب. د. قاسملوو بە شارەزایییەک کە لە سیاسەتی جیهانی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەبوو، هەروەها بە یارمەتیی زاڵبوون بەسەر چەندین زمانی بیانی و ئاگاداربوون لە کولتووری وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێوەندییەکی بەرینی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دێموکڕاتەکانی ئورووپادا پێک هێنا و پێوەندییەکانی خۆی و دیپلۆماسیی حیزبەکەی خستە خزمەت ناساندنی پرسی ڕەوای نەتەوە زۆرلێکراوەکەی. دەتوانین بڵێین د. قاسملوو لە پێشەنگانی ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی حیزب و کەسایەتییە بەنفووزەکانی ڕۆژئاوا بۆ لای مەسەلەی کوردە و لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی گەورە و حاشالێنەکراوی هەیە.

لێهاتوویی ئەو کەسایەتییە بۆ ڕێبەریکردنی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکڕاتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆنە پەرست و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی، خۆی دەرخست. د. قاسملوو لەکاتێکدا لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان تووشی شەڕی نەخوازراو نەبن و پرسی کورد بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە لەگەڵ ڕێژیمی تازەدا چارەسەر بێ، لە ڕێنوێنی و ئامادە کردنی حیزبەکەی و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نیازە شوومەکانی دەسەڵاتدارانی تازە غافڵ نەبوو. د. قاسملوو لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا بوو کە حیزبەکەی و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بە ڕەوا و بە حەقبوونی داخوازو ئامانجەکانیان و پشتیوانیی نەتەوەکەی خۆیان دڵگەرم و پشت ئەستوور بن. ئەو ڕێبەرە بڕوای بە دیالۆگ و کەڵکوەرگرتن لە چارەسەری سیاسی بۆ پرسی کورد لە ئێران دا هەبوو، بەڵام جیاوازیی لەنێوان ئاشتیخوازی و خۆبەدەستەوەدان دادەنا. هەربۆیە لە سێبەری ئەم سیاسەتەدا، کوردستان بوو بە سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران و نەک هەر حیزب و ڕێکخراوە کوردەکان، بەڵکوو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانیش لە کوردستان گیرسابوونەوە و بەمجۆرە ملنەدان بە دیکتاتۆری و کۆنە پەرستی و خەبات بۆ دێموکراسی و مافی نەتەوەیی، بوو بە نەریتێکی جێگای شانازی لە کوردستان و ئەم نەریتە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر و قووڵتر بۆتەوە.

بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناسینی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەریی حیزبەکەی و بزووتنەوەی کوردستاندا، بە ئاگاداری لە ڕۆڵی میحوەریی ئەو کەسایەتییە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، هەروەها بە سەرنجدان بە نفووزو توانای دیپلوماسیی دوکتور قاسملوو لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا، کەوتنە پیلانگێڕی بۆ لە نێو بردنی و لە ژێر ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد پیلانی تێرۆر کردنیان دارشت و بۆ ئەم مەبەستەش لە خستنە ژێرپێی ئوسوول و پرەنسیپە ئەخلاقی و سیاسی و نێودەوڵەتییەکان نەسڵەمینەوە. هەربۆیە لە سەر مێزی وتووێژ و لە پێتەختی ئوتریش لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەیدا شەهیدیان کرد.

وەک وەبیر هێنانەوەی هەلومەرجی ئەوکات و هەڵوێستە کردن لە سەر پاڵنەری دوکتور قاسملوو بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پێویستە بگوترێ دوای ئەوەی شەڕی ئێران و عێراق چووە قۆناغی ئاگربڕەوە، عێراق کەوتە جێبەجێکردنی هەرچی زیاتری یەکێک لە بەندەکانی پەیمانی شوومی ئەلجەزایر و بە درێژایی سنووری ئێران و عێراق و بە قووڵایی زیاتر لە ٢٠ کیلومیتر گوندەکان و شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستانی وێران کرد، دوکتور قاسملوو نیگەران لە ڕێککەوتنی دوو ڕێژیمی ئێران و عێراق لە دژی بزووتنەوەی کورد، لە ڕێگایەکی ئاشتییانە دەگەڕا بۆ ئەوەی هەم ئەگەری زەبری گەورە لە بزووتنەوەی کورد پووچەڵ بکرێتەوە، هەم شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆڵ و وێران نەکرێن. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نیازپاکیی دوکتور قاسملوو بۆ لە داو خستنی خۆی کەڵکیان وەرگرت و ئەم ڕێبەرو کەسایەتییە گەورەیان لە حیزبەکەی، نەتەوەکەی و ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی ئێران ئەستاند. بەڵام وەک بە کردەوە دەیبینن ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو نەمردوون، ڕێگاکەی بەردەوامە و ناوەکەی و، بیرەوەریی شەهید بوونی، بوون بە هەوێن و ڕەمزی یەکگرتن و هاتنە مەیدان لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی.

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**ئۆگرانی ئامانجەکان و بیرو باوەڕی بەرزی دوکتور قاسملوو!**

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی تێرۆری ئەم ڕێبەرە شەهیدە دەکەینەوە کە ڕاپەڕین دژی دیکتاتۆری سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داگرتوە. لە ئێرانیش دا کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئێران و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ گوشارێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری جیهانی بەرەورووە. سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی ئێران شەق و شڕ بووە و لەرزۆک بوونی بە ئاشکرا پێوە دیارە و تەنیا بە زەبرو زەنگ و گرتن و کوشتن و ئێعدام خۆی ڕاگرتوە. بەو حاڵەش دەبینین کە دەنگی دلێری بەرخۆدان و کۆڵنەدان و پەیامی ڕاوەستان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە، لە بەندیخانەکانەوە، لە سەر شەقامەکانەوە، لە نێو کوردان و ئێرانییەکانی تاراوگە و لە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵات و سەرانسەری ئێرانەوە، بەرز بۆتەوە. یەک لەو دەنگە دلێرانە، دەنگی پێشمەرگەی مافی مرۆڤ، محەممەد سەدیق کەبوودوەندە کە لە بەندیخانەوە بەرز بۆتەوە و داوا دەکا ٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو، ببێتە ڕۆژی سەرکوتی تێرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەردا، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ئامانجەکان و ڕێگا پڕ شانازییەکەی، داواکارە بیرەوەریی تێرۆری ناجوانمێرانەی ئەو کەسایەتییە مەزنە، هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هەرچی زیاتر و هاتنە مەیدان و نارەزایەتی دەربڕین دژی تێرۆریزم و سەرکوتی دەوڵەتی، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێران دا.

سڵاو لە یادی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی تێرۆری ڤییەن

سڵاو لە سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی تێرۆریزم و سەرکوتی دەوڵەتی بۆ پێشەوە. تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٠**
**١٢ی ژوئیەی ٢٠١١**

# سوپاسنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا

ئەمساڵیش ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەی کوردستان بووەتە بە ڕۆژی دەربڕینی بێزاری لە تێرۆریسمی دەوڵەتی و سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمساڵیش سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە ترسی مانگرتنی یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستان لە چەند ڕۆژ لەمەوبەرەوە شەقام و مەیدانەکانی شارەکانی کوردستانی میلیتاریزە کردبوو، فشارێکی زۆری خستبوە سەر دوکانداران و بە شێوەی ڕەشبگیر سەدان کەس لە لاوانی گرتبوو، بەو حاڵەش خەڵکی وشیار و مافخوازی کوردستان ئیرادەی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر نواندەوە.

بەپێی زانیارییەکان خەڵکی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر و گونجاو، وەک داخستنی بەشێکی بەرچاو لە دوکان و بازاڕەکان، هاتنە سەر شەقام و مەیدانەکان بە جل و بەرگی کوردییەوە، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان نیشانیان دایەوە کە سەرەڕای سەرکوت و فشاری کۆماری ئیسلامی یادی قاسملووی ڕێبەر لە دڵیان دا زیندوویە و بێزاریی و تووڕەییان لە کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خۆی دایە.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا ئەگەرچی قورسایی و فشاری هێزی سەرکوت ڕێگەی لەوە گرتبوو، خەڵکی کوردستان بەو شێوەیەی دەیانەوێ ئیرادەی خۆیان بنوێنن، نارەزایەتیی پەنگخواردووی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بخەنە ڕوو، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە وره و ئیرادەی خەڵک لە کزی دابێ.

لە ڕاستی دا هەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئەمساڵ قورستر لە ساڵانی پێشوو هێزی سەرکوتکەری لە شارەکانی کوردستان بڵاو کردبۆوە، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باش لەو ڕاستییە گەیشتوون خەڵکی کوردستان ئەگەر بچووکترین دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ بە شێوەیەکی یەکگرتووانە و سەرانسەری، ئیرادەی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان دەنوێنن.



٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ کە هەم لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە و هەم لە لایەن چالاکانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات، لە سەروویانەوە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەمەد سەدیق کەبوودوەند، وەک ڕۆژی نارەزایەتیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەرکوتی خەباتی مەدەنی دیاری کرابوو، لاپەڕەیەکی دیکەی خستە سەر ئەزموونەکانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە لە سایەی ئەو ئەزموونانەوەیە کە هیوادارین لە دەرفەت و هەلی دیکەدا خەڵکی کوردستان لەم شێوازەی خەبات سوودی زیاتر وەرگرن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەرزنرخاندنی بەشداریی خەڵکی کورستان لە چالاکییەکانی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، و دەربڕنی سوپاس و پێزانین بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە سیاسەتی سەرکوت و ئەمنیەتی و میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم دەکا.

بەو هیوایە کە خەباتی مەدەنی و جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردەم لە گەشە و پەرەگرتن دابێ.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٠**
**١٤ی ژووئیەی ٢٠١١**

# ٢٢ ی پووشپەڕ، مانگرتنی خەڵکی کوردستان و چەند سەرنجێک

عەلی بداغی

لەمێژ ساڵە کە ٢٢ ی پووشپەڕ هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەم بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران مانا و نێوەڕۆکێکی جیاوازی هەیە. ئەگەر تا ساڵانێک لەوە پێش و بە تایبەت تا ساڵی ٨٤ ی هەتاوی ئەوە تەنیا حیزبی دێموکرات بوو کە لە ٢٢ ی پووشپەڕدا، بە کار و چالاکی و ئاکسیۆنەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لەقاو دەدا، بەڵام ئێستا ساڵانێکە کە خەڵکی کوردستان لە ٢٢ ی پووشپەڕ و لە ساڵیادی تێرۆری قاسملووی ڕێبەردا، ئەو ڕۆژە دەکەن بە ڕۆژی نەفرەت و بێزاری دەربڕین لە سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی و بە هاتنە مەیدانی خۆیان و بە شێوازی جۆراوجۆر، ڕەوایی بە ڕێباز و ئامانجەکانی قاسملوو دەدەن و « نا» یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی دەڵێنەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ کۆماری ئیسلامیش گرینگ و هەستیار و لەهەمان کاتیشدا زراو تۆقێنە:

کۆماری ئیسلامی هەموو تواناکانی خۆی وەگەڕ دەخا کە نەفرەت و قینی پەنگ خواردووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕوویدا نەتەقێتەوەو، هەر بۆیەش هەموو ڕێکارە نیزامی و ئەمنیەتی و توند و تیژەکانی خۆی دەگرێتە بەر تا لەو ڕۆژەدا پێش بە هەڵچوون و لافاوی بێزاری دەربڕینی خەڵکی کوردستان بگرێ.

٢٢ ی پووشپەڕی ئەو ساڵیش هەڵگری کۆمەڵە تایبەتمەندی و خەسڵەتێک بوو کە دەکرێ لە زۆر بوار و ڕەهەندەوە بخرێتە بەرباس و ئاکامی جۆراوجۆر و تەنانەت لێک جیاوازی لێ وەربگیرێ.

خەڵکی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر پێش لە ٢٢ ی پووشپەڕ خۆیان بۆ ئاکسیۆنێکی دیکە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرد، بە تایبەت ئەو ساڵ کەسایەتیی مرۆڤدۆست محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیش لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ دا داوای کردبوو کە ٢٢ ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو بە ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتی ناو بنرێ. ئەم ساڵیش هەر دوو حیزب لە ریزی داواکانیاندا، داخستیی دووکان و بازاڕی شارەکانی کوردستانیان هێنابوو. پێ بەپێی جموجۆڵی کوردەکان، دامودەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمیش لە کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بڕیاریان دابوو کە بە هەموو تواناکانیانەوە بەرەنگاری ئیرادەی خەڵک ببنەوە و لانیکەم لە ئاستی دووکان و بازاڕ داخستندا کە دەتوانێ زیاتر لە لایەنەکانی دیکەی ئەو مانگرتنە گشتییە سەرنجی میدیاکانی دنیا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەهەر جۆرێک و بەهەر نرخێک بووبێ ئەو دەرفەتە لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە بستێننەوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە چەند مانگ بەر لە پووشپەڕەوە دەسبەکار ببوون. شەپۆلێکی نوێ لە گرتن و خستنە ژێر فشاری چالاکانی مەدەنی و کەسانی لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێوەندیدار بە ڕێکخراوەکانی



حیزبی دێموکڕات وەڕێ خرا. بەشی سیاسی _ ئەمنیەتیی فەرمانداریەکان و ئیدارەی ئیتلاعات و ئەماکن و ئەمنیەتی سپا و هێزە ئینتیزامییەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان لە بەرنامەیەکی چڕ و تۆکمەدا سەرجەم دووکاندار و بازاڕییەکانی کوردستانیان وریا کردەوە کە لە ئەگەری داخستنی دووکان و بازاڕ لە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕدا بەرەوڕووی گرتن و سزای نەغدیی ٥٠٠ هەزار تمەن تا ٥ میلیۆن تمەن ( بە پێی هەڵکەوتی دووکانەکانیان) دەبنەوە؛ تەنانەت سەرۆکی هەموو یەکیەتییە سینفییەکان و دووکاندارە دیار و ناسراوەکان لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی بانگ کرانە ئیدارەی ئەماکین و بەڵێننامەی بە نووسراویان لێ وەرگیرا. کوردستان، خۆی نیزامیکراوترین ناوچەی ئێرانە، بەو حاڵەش بە هەزاران چەکدار و هێزی نیزامیی دیکە لە شوێنەکانی دیکە را هێنرانە کوردستان و لە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕدا لە شەقام و مەیدانە سەرەکییەکانی شارەکاندا جێگیر کران و هێزی ئامادەی تەیار و کۆک و پۆشتەش لە هەموو فەرمانداری و ناوەندە ئەمنیەتی ونیزامییەکانی شارەکان بۆ کاتی پێویست لە سەر هەست بوون.

لە ڕۆژی ٢١ ی پووشپەڕەوە کاناڵە کوردییەکانی وەک کوردکاناڵ و تیشک پارازیتیان خرایە سەر و پەلاماری سایبیری کرایە سەر ماڵپەڕە ئینتێرنیتییەکانی سەر بەو دوو حیزبە لە دەوروبوری ٢٢ی پووشپەڕدا. هەروەها لە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕیشدا ناردنی کورتەنامە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان ڕاگیرا و پێوەندییەکان گیر و گرفتیان خرایە سەر.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو پلان و بەرنامە ورد و چاوەدێریکراوەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، خەڵکی کوردستان لە ٢٢ ی پووشپەڕدا ئیرادەی بەرخودان و خەباتکارانەی خۆیان بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نیشان دایەوە.

خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژەدا، بە یادکردنەوەی ڕێبەری شەهیدیان بە شێوەی جۆراوجۆر، بە داخستنی دوکان و بازاڕ [ ئەگەر بە هۆی زەبروزەنگی لەرادەبەدەر لە ئاستی بەرفراوانیشدا نەبووبێ]، بە هاتنە سەرشەقام بە جلوبەرگی کوردی و بە کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان لە کاتی لەپێشدا ڕاگەیەندراو جارێکی دیکەش بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی دژە گەلییانەی ڕێژیم دەربڕی و پێیان لەسەر ماف و داوا ڕەواکانیان داگرتەوە و لە گەڵ ڕێبازی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور قاسملوو کە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەییە، بەڵێنی وەفایان نوێ کردەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی کورتە سەرنجێکە ئەوەیە کە جارو بار و لێرە و لەوێ دەگوترێ ئەو مانگرتنە گشتییە کە ئەو ساڵ لە دوکان و بازاڕ داخستندا زۆر بە بەرچاوی ڕەنگی نەداوەتەوە، جێی بە تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی خۆش کردوە و خەڵکی کوردستان وەڵامی شیاو و پێویستیان بە بانگەوازەکانی حیزبی دێموکڕات نەداوەتەوە!

ئەوەی کە داوای مانگرتن لەو ڕۆژەدا لە لایەن هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە نەکرا و، ئەوەی کە هەر دوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە لە پشتی ئەو بانگەوازانە بوون هاوکاری و هاوهەنگاویی پێویستیان لە گەڵ یەکتر بۆ کاری تاکتیکیی هاوبەش نەبوو و، ئەوەی کە داوای ئەو دوو حیزبە لە خەڵک لەو ڕۆژەدا هەر هەمان داواکارییەکانی ساڵانی ڕابردوو بوو و شتێکی نوێی ئەوتۆی تێدا بەرچاو نەدەکەوت؛ هەر هەموویان جێی باس و هەڵوەستە لە سەر کردنن. بەڵام ئەوانە هیچیان لە هیممەت و ئیرادەی خەڵک لەو ڕۆژەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و نیازەکانی کۆماری ئیسلامی کەم ناکاتەوە.

هەر ئەو نائاسایی بوونە لە ڕادەبەدەرەی کوردستان لەو ڕۆژەدا و هەر ئەو بەسیج کردنی هێزە زۆر و زەوەندەی ڕێژیم و تەواو ئەمنیەتی کردنی شار و ناوچەکانی کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە خۆی بەڵگەی سەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەیی خەڵک و هەنگاوێکی دیکە بۆ پێشڤەچوونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە کەمترین دەرفەتەکانیش بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەقۆزنەوە و زۆرترین کەلکی لێ وەردەگرن.

---

درێژەی: هەواڵ و ڕاپۆرت

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ ی پووشپەڕ

**ساینقەڵا**

لە ناوچەی ساینقەڵا بۆ بەڵین نوێ کردنەوە لەگەڵ یادی شەهید قاسملوو چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە هەواڵدەریی «کوردستان و کورد»، شەوی ١٥ی پووشپەڕ لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەورەدێی ئەحمەدئاوا بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە زۆربەی گەڕەک و شوێنەکانی ئەو ئاواییە وێنەی شەهیدان، تراکت و نووسراوە و تراکتی حیزبییان بڵاو کردوتەوە.

**سەقز**

شەوی ١٢ ی پووشپەڕ لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری سەقز بە بۆنەی نزیک بوونەوە لە ٢٢ ی پووشپەڕ، بیست و دووهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە دەستی دیپلۆمات تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکیەدا بە هەزاران تراکت و سی دی و وێنەی شەهیدان لەو شوێنانەی خوارەوە بڵاو کرانەوە:

بلواری حافز، تەپەی شافعی، تەپەی سالحاوا، گەڕەکەکانی کەریماوا، کانی




گەرمکاو، شاناز و سەعدی، شەهرەکی نیرووی ئینتزامی و کۆڵانەکانی پشتی دادگای پێشوو.

**شارەکانی پیرانشار، سەردەشت وسیاناوای مەریوان**

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە «کوردستان و کوردنیوز» لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی پیرانشارو سەردەشت و سیاناوای مەریوان بە بڵاوکردنەوەی تراکت، وێنەی شەهێدانی ڕێبەرو نووسینی دارو دیوارەکان چالاکیی تەبلیغیان کردوە.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە ناوچەی پیرانشار، لە گوندی گەپڵەسەن، لاوێن، ڕکاوێ، قەرە خدر، سێ ڕێیانی قەرەخدر ـ تووژەڵ، گەنەداری مەنگوڕان، شێلم جاران، سێ ڕێیانی دایە شێخی ـ گردبن، زینوێ شێخان و خراپە شەوی ١٨ی پووشپەڕ چالاکیی تبلیغی کراوە و لە شاری سەردەشتیش لە شەقامی وەحدەت، شەقامی جانبازان، دۆڵتانجک، مەجبوواوا، شەقامی سەردەشت ـ کۆڵەسە، شەقامی سەردەشت ـ مەراغان و تاقگەی شەڵماش بەو بۆنەیەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغی کراوە.

**بۆکان و مەهاباد**

لایەنگران و دڵسۆزانی حدک لە بۆکان و مەهاباد بە بۆنەی ٢٢ ساڵەی شەهیدکرانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییە تەبلیغییەدا بە هەزاران تراکت و وێنەی سێ ڕێبەری سەرکردە بڵاو کرانەوە و دروشمی شۆڕشگێڕی لەسەر دیوارو تابلۆی شەقامەکان نووسران.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە: ئاوایی حاجیالێ کەند، ئاوایی قەمتەرە، ئاوایی کولیجە لە ناوچەی مەحاڵی مەهاباد، زۆربەی هەرە زۆری تابلۆکانی جادەی مهاباد ـ بۆکان، شەقامی وەحدەت، مەیدانی وەحدەت، شەقامی کارگەر، کۆڵانی نەرگسی ٣و٤، شەقامی بێهداری، کۆڵانی دیمەنی ١و ٢ و٥ و٦و ٩، شەقامی هەڵەبجە، کۆڵانی هومایون، شەقامی هەورامانی باشوور.

---

## لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی تورکیە لە ڕاگەیاندنی خودموختاریی کوردەکانی ئەو وڵاتە

دەزگای قەزایی تورکیە لێکۆڵینەوەیان لە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی خودموختاریی دیموکراتیکی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەست پێ کردوە کە ڕۆژی پێنجشەممە ٤/٢٣/ ١٣٩٠ لە لایەن کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیکەوە لە دیاربەکر ڕاگەیەنرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکان بەرپرسانی دەزگای قەزایی دەیانەوێ کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە بە تۆمەتی لادان لە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتە قۆڵبەست و دادگایی بکەن.

ڕاگەیاندنی خودموختاریی دێموکراتیکی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک لە کاتێک دایە کە گرژی و ئاڵۆزیی نێوان تورکیە و کوردەکانی ئەو وڵاتە پاش شەڕەکەی ڕۆژی پێنجشەممە پەرەی ئەستاندوە کە تێیدا ١٣ سەربازی تورکیە و ٧ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە کوژران.

لە پارلمانی تورکیەش، پارتی دەستەڵاتدار و نوێنەرانی کوردتوندتر لە جاران بەرەوڕووی یەکتر دەخوێنن.

# «کورتە باسێک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ»

## (نوێترین کتێب بە زمانی کوردی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە)

قادر وریا

**بەرایی:**

«کورتە باسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» نوێترین کتێب بە زمانی کوردی لە بارەی مافی مرۆڤەیەوە کە پووشپەڕی ئەمساڵ (ژوئیەی ٢٠١١) چاپ و بڵاو بۆوە.

«کورتە باسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» لە ٣٢٠ لاپەڕە پێک هاتوە، چەند وتەیەکی پێویست، سەرەتایەک، حەوت بەشی جیاواز و کۆمەڵێک زانیاری لە بارەی گرینگترین ماڵپەڕەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، لیستی گرینگترین بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەنامە ئوروووپاییەکانی مافی مرۆڤ، بەڵگەنامەکانی پەسند کراوی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئوروووپا (OSSE) و قانوونە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ نێوەرۆکی ئەم کتێبە نوێیە پێک دێنن.

٥ بەش لە حەوت بەشی ئەم کتێبە لە زمانی نۆروێژییەوە کراون بە کوردی. وەرگێڕی «کورتە باسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» ئیبراهیم ساڵحی راد (برایم لاجانی)یە.

وەک لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتوە: ئەم کتێبە .. ئاکامی پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان دوو دامەزراوی نۆروێژییە بە ناوەکانی «Humanist forlag» «Den norsk Helsingfovskomite»

ئەم کتێبە لە بنەڕەت را بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانی قۆناغی ئامادەیی و قۆناغەکانی خوێندنی گەورەساڵان نووسراوە، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە سەرنج و بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن و ئەو مافانەیان بۆ گرینگن، دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

### هۆی ئامادە کردنی ئەم کتێبە

هاندەری سەرەکی بۆ نووسین و دانانی ئەم کتێبە، هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٥ دا بووە کە ئەم دە ساڵەی بۆ گەشەپێدان و هاندانی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ و گونجاندنیان لە سیستەمەکانی پەروەردە و فێرکردن دا دیاری کردبوو. UN بڕیاری دابوو ئەو ماوە زەمانییە بکرێتە سەردەمێک بۆ پەرەپێدانی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ. هەر لەو پێوەندییەدا بڕیاری دابوو کتێب، کەرەسە و بابەتی جۆراوجۆری خوێندن و فێر بوونی مافەکانی مرۆڤیش، بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن ئامادە بکرێن و بخرێنە بەردەستی قوتابخانەکان.

وەک لە سەربەرگی کتێبەکەش دا هاتوە: «بۆ ئەوەی بتوانین ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرین و بە دژی پێشێلکردن و وەبەرچاو نەگرتنیان ناڕەزایەتی دەربڕین، پێویستە زانیاریمان سەبارەت بەوان هەبێ و لە باس و لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بەوان دا بەشداری بکەین. لەو ڕێگایەوە مافەکانی مرۆڤ باشتر لە کۆمەڵ دا دەناسرێن و ڕادەی زانیاری لەسەر ئەوان زۆرتر پەرە دەگرێ. ئەم کتێبە زانیاریی خوێنەر سەبارەت بەو ماف و ئازادییانەی مرۆڤ کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا پەسند کراون پەرە پێدەدا. هەروەها کتێبەکە هەموو ئەو باس و بابەتانە کە لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا، لە گۆڕێ دان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. هەربۆیە خوێندنەوەی بۆ هەموو هاووڵاتییەکی کوردستانی پێویستە».

### نێوەرۆکی بەشی یەکەم

بەشی یەکەمی کتێبی «کورتەباسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» لەلایەن Gunnar M.karlsen نووسراوە کە جێگری سکرتێری گشتیی کۆمیتەی هێلسینکی بۆ مافەکانی مرۆڤە. نێوئاخنی ئەم بەشە لەم باسانە پێک هاتوە: مافەکانی مرۆڤ چین؟ مافە جیا جیاکان، مافەکانی مرۆڤ، کێ بەرپرسایەتیی لە سەرشانە؟ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ و چاوەدێری، مەبەست لە بەرپرسایەتی چییە و چی دەگرێتەوە؟ یاسا ئینسانییەکان و سیستەمی نێونەتەوەیی سزادان، چی لە شەڕدا قەدەغەیە؟

### نێوەرۆکی بەشی دووهەم:

بەشی دووهەمی کتێبەکە لەلایەن knut V. Bergem و Gunnar M.karlsen نووسراوە. knut V. Bergem، ڕۆژنامەنووس، مامۆستای مێژوو و سەپەرستی دەزگایەکی چاپ و بڵاو کردنەوەیە. ئەم بەشە کە بۆ باس و لێدوان لەسەر مێژووی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و چونیەتیی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیە تەرخان کراوە، ئەم باسانەی گرتووەتە خۆ: مێژووی مافەکانی مرۆڤ، بنەما مێژووییەکانی مافی مرۆڤ، دین و ئایینە جیهانییەکان، ڕێنێسانس و ڕیفۆرم پێکهێنان، چوونە پێش و پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و شۆڕشی فەرانسە، ڕێنێسانس و ڕیفۆرم، دژکردەوە بەرامبەر بە شۆڕش، مافەکانی ژنان، قەدەغە بوونی کۆیلەتی و کۆیلەداری، پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ دوای ساڵانی ١٩٠٠)، دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسایەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ژێر تەوژمدا.

### نێوەرۆکی بەشی سێهەم:

بەشی سێهەم کە رووناکیی خستۆتە سەر چۆنیەتیی سیستەمی چاوەدێری کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لەلایەن Gunnar M.karlsen و Oyvind Oyvin W.Thiis نووسراوە. W.Thiis پسپۆری باسەکانی قانوونی سیاسیی بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زامبیایە. سەردێریی باسەکانی بەشی سێهەم بریتین لە: چاوەدێریی نێونەتەوەیی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەو گروپانەی لاوازن و لە هەلومەرجێکی ناسکدان، ئەرکەکانی دەوڵەت، تاوانەکانی شەڕو ئەنجامدانی جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی، سیستەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆرگانە سیاسییەکان، کۆمیساریای بەرزی مافەکان مرۆڤ، ئۆرگانەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سیستەمە ناوچەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ، شووڕای ئوروووپا، ڕێکخراوی ئەمنییەت و هاوکاریی ئوروووپا (OSSE)، یەکیەتیی ئوروووپا (EU)، سیستەمی نێوخۆی ئەمریکا بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ، سیستەمی ئەمریکایی بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.




**ئەم کتێبە زانیاریی خوێنەر سەبارەت بەو ماف و ئازادییانەی مرۆڤ کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا پەسند کراون پەرە پێدەدا. هەروەها کتێبەکە هەموو ئەو باس و بابەتانە کە لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا، لە گۆڕێ دان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. هەربۆیە خوێندنەوەی بۆ هەموو هاووڵاتییەکی کوردستانی پێویستە**

### نێوەرۆکی بەشی چوارەم

بەشی چوارەمی کتێبی ناوبراو تەرخان کراوە بۆ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە، عێراق، ئێران و سووریە. ئەم بەشە کە لەلایەن گونار کارل سن و عەبدوڵڵا حیجاب نووسراوە، بەتایبەتی بۆ وەشانی کوردیی کتێبی « کورتەباسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» ئامادە کراوەو جێگای برگەی چوارەمی کتێبەکە سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە نۆروێژی گرتۆتەوە.

سەردێری باسەکانی بەشی چوارەم ئەمانەن: مافەکانی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکاندا، مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی کەمایەتییەکان، تورکیە، ئێران، عێراق، هەرێمی کوردستانی عێراق، سووریە.

### نێوەرۆکی بەشی پێنجەم:

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە لەلایەن Njal. Hostmalingen قازی و سەرۆکی دەفتەری ئەنیستیتۆی مافەکانی مرۆڤ لە نۆرویژ ئامادە کراوە. لەم بەشەدا بایەخ و گرینگیی مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ هێندێک مەسەلەی سەردەمدا، وەک راسیزم، ئازادیی ڕادەبڕین، بازرگانی و مافی مرۆڤ، تیشکیان خراوەتە سەر. هەر لەم بەشەدا چەند باسێک سەرنج ڕادەکێشن کە لەلایەن Gunnar M.karlsen نووسراون. ژنان و مافەکانی مرۆڤ، تێرۆریزم و مەسەلەی مافی مرۆڤ لەو باسانەن.

چەند سەردێرێکی باسەکانی دیکەی ئەو بەشە بریتین لە: راسیزم لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی دین و مەزهەب، خەبات بە دژی تێرۆریزم، کاری منداڵان، ڕوانگە و بۆچوونەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێز، خەتەنە کردنی ژنان، کۆنفرانسە جیهانییەکان سەبارەت بە ژنان، بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ، ئابڕووی کارگەو کارخانە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، سزای مەرگ و بەڵگەی دیکە بە دژی سزای ئێعدام.

### نێوەرۆکی بەشی شەشەم:

بەشی شەشەم لەلایەن knut V. Bergem و Beate slydal نووسراوە. Beate slydal ڕاوێژکاری سیاسیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردنە.

ئەم بەشە ڕوانگە جۆراوجۆرەکان بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ لێک دەداتەوە. ئەم بەشە وڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە. ئایا مافەکانی مرۆڤ جیهانین؟ ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕەفتاری دەوڵەت بەرامبەر تاکە کەسێک هەڵوێست بگرێ؟ ئایا دروستە کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان یارمەتییەکان بە وڵاتی هەژار بە لەبەرچاو گرتنی مافەکانی مرۆڤ ببەستنەوە؟ چەند سەردێڕێکی باسەکانی ئەم بەشە ئەمانەن: ڕەخنەی هاوچەرخ، نیسبییەتی فەرهەنگی ( کولتوورو ریلاتڤیزم)، هەڕەشە لە دێموکراسی، ڕوانگەی چینی بۆ مافی مرۆڤ، ڕوانگە و بیرو بۆچوونی ئیسلامی، کێشەی باکوور - باشوور، هێندێک ئاڵترناتیڤ کە دەتوانن جێگای سزادان بگرنەوە.

### نێوەرۆکی بەشی حەوتەم:

بەشی حەوتەمی کتێبی « کورتەباسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» لە وەرگێڕدراوی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و چەند پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ پێک هاتوە کە بریتین لە: پەیماننامەی مافی منداڵان و کۆنوانسیۆنی لە نێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرامبەر بە ژنان. ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی مافی مرۆڤ لەلایەن «قادر وریا»وە کراون بە کوردی و بەم هۆیەوە کە وەرگێڕدراوی کوردیی ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ دەقە ئینگلیزی و نۆروێژییەکانیان هاوتا و گونجاو بوون، وەرگێڕی کتێبی «کورتەباسێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ» بەشی حەوتەمی کتێبەکەی لێ پێک هێناون.

### چەند خاڵێکی سەرنجراکێش

لە کۆتایی ٥ بەش لە حەوت بەشی کتێبەکەدا کۆمەڵێک پرسیار سەرنج ڕادەکێشن. مەبەست لە هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارانە ئەوەیە خوێنەر ناچار ببێ لە ناوەرۆکی باسەکان پتر ورد ببێتەوە و وڵامی پرسیارەکان بدۆزێتەوە.

هەر بەشێک لە بەشەکانی ئەم کتێبە بە جۆرێک ئامادە کراون کە سەربەخۆ بن و خوێنەر بتوانێ هەر بەشێک بە جیا بخوێنێتەوە.

وەرگێڕ، وەرگێڕانی ئەو کتێبەی پێشکەش بە هەموو ئەو کەسانە کردوە کە لە پێناوی دابین کردن و دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤی ئینسانی کورد دا خەبات دەکەن و لەو ڕێگایەدا لە هیچ مەترسییەک ناپرینگێنەوە.

پێویستە بگوترێ کاری پێداچوونەوەی کتێبەکە، عەبدوڵڵا حیجاب و جەعفەر شەریعەتی کردوویانە کاری پیتچنینی: عەلی لالە و دیزاینی ڕووبەرگ و کتێب: جەعفەر شەریعەتی کردوویەتی. چاپی ئەم کتێبە لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر کراوە، تیراژی کتێبەکە دە هەزار دانەیە.

**بەم هۆیەوە کتێبەکە لە سەر ئەرکی دوو ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی نۆروێژی، چاپ کراوە، ئۆگرانی خوێندنەوە لە بارەی مافەکانی مرۆڤ، دەتوانن بێبەرامبەر (بەخۆرایی) بەدەستی بێنن.**

# بە بۆنەی دەست بەکاربوونی دوکتور ئەحمەد شەهیدەوە

## بەشی یەکەم : بەستێنێکی نوێ بۆ راپۆرتۆرێکی نوێ

د. ئاسۆی حەسەن زادە

ئەحمەد شەهید موسڵمانێکی پەروەردەی رۆژئاوایە کە وەک موسڵمانێکی دیموکڕات ناوبانگی دەرکردووە و رابردوویەکی لە خەبات بۆ جێخستنی فەلسەفەی لیبڕالیی مافی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا هەیە.

پاش نزیک بە دە ساڵ نەمانی راپۆرتۆری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، سەرەنجام رۆژی ١٧ ی ژووئەنی ٢٠١١ شووڕای مافی مرۆڤ لە حەڤدەهەمین دانیشتنی خۆیدا دکتۆر ئەحمەد شەهید وەزیری دەرەوەی پێشووی مالدیڤی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژارد. بەپێی ئاجێندایەکی سەرەتایی کە بۆ ناوبراو دیاری کراوە، بڕیار وایە کە ئەو لە مانگی سێپتامبری داهاتوودا راپۆرتێکی کاتی بداتەوە بە شووڕای مافی مرۆڤ و راپۆرتی کۆتاییشی هەتا مارسی ٢٠١٢ تەحویلی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا.

پێشتر لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ و ٢٠٠٢ دا، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ هەر یەک لە رینالدۆ گالیندۆ پۆل و مۆریس کاپیتۆرنی بۆ ئەم پۆستە دیاری کردبوو کە لەبەر کۆمەڵێک هۆی پێوەندیدار بە باری ئەوسای مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کەموکووڕیی مێکانیزمەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوانەش زیاتر بەهۆی هاوکاری نەکردنی تاران لەگەڵ راپۆرتۆرەکان، سەرکەوتنێکی رێژەیی‌یان لە مەئمووریيەتەکەیاندا وەدەست هێنابوو.

ئەگەر لەپێوەندی لەگەڵ راپۆرتۆری تازەشدا تەنیا رادەی پێشوازیی رێژیم لە ناوبراو و هاوکاری لەگەڵیدا بکەینە پێوانە بۆ ئەگەری سەرکەوتنی لە ئەرکەکەیدا، ئەوا بەزەحمەت دەتوانین ئەنجامێکی زۆر باشتر لە مەئمووریيەتەکانی پێشتر بۆ ئەمەشیان پێشبینی بکەین. بەتایبەت کە هەر لە ئێستاوە هێندێک بەرپرسی کۆماری ئیسلامی رایانگەیاندووە کە نابێ رێگای سەردانی ئێران بە ئەحمەد شەهید بدرێ. هەرچەند ناکرێ لە ئێستاوە و بۆ تەواوی ماوەی مەئمووریيەتەکەی راپۆرتۆری نوێ، پشیبینیی هەموو مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ روونە کە بەو رابردوویەوە کە ئەو رێژیمە لە هاوکاری نەکردن لەگەڵ نیهادە نێونەتەوەکاندا هەیەتی و هەروەها بە هەموو ئەو تاوان و پێشێلکارییانەوە کە ئەو رێژیمە تەرجیح دەدا لەو نیهادانەی بشارێتەوە، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە رادەی هاوکاریی رێژیم لەگەڵ راپۆرتۆری نوێ لەوە کە لەگەڵ ئەوانی پێش ئەودا کردوویەتی، کەمتر دەبێ زیاتر نابێ.

بەڵام هێندێک فاکتەر و نیشانەی دیکە هەن کە دەتوانن ببنە هەوێنی هیوایەکی زۆرتر بە راپۆرتۆری نوێ کە پێویستە وەبەرچاو بگیرێن. پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بە



**ئەحمەد شەهید موسڵمانێکی پەروەردەی رۆژئاوایە کە وەک موسڵمانێکی دیموکڕات ناوبانگی دەرکردووە و رابردوویەکی لە خەبات بۆ جێخستنی فەلسەفەی لیبڕالیی مافی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا هەیە**

کەسایەتیی ئەحمەد شەهید بکەین کە پرۆفایلێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و لە گۆشەنیگای پشتیوانی و هاوپێوەندیی دەوڵەتان (بە وڵاتانی دەرەوەی بازنەی رۆژئاواشەوە) دەتوانێ سەرچاوەی هێندێک کاریگەری و کاردانەوەی موسبەت بێ. ناوبراو بەو باکگراوندەوە لە کاری سیاسی کە لە وڵاتی خۆی‌دا و لەبواری خەبات بۆ کرانەوە و ریفۆرمدا هەیەتی وەک سیاسییەکی بەشەهامەت و راستگۆ ناوبانگی دەرکردووە. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، ئەو لایەنگرێکی شێلگیری بەجیهانی کردنی ستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆر جار هەیئەتی کۆماری ئیسلامی و رێژیمە هاوشێوەکانی جیهانی سێهەم لە شووڕای مافی مرۆڤدا جێبەجێ نەکردنی ستانداردەکانی مافی مرۆڤیان بە چەمکی نیسبییەتی فەرهەنگی و بەربەستی ئایین و نەریت پاساو داوە، سەرنجڕاکێشە کە بزانین دوکتور ئەحمەد شەهید موسڵمانێکی پەروەردەی رۆژئاوایە کە وەک موسڵمانێکی دیموکڕات ناوبانگی دەرکردوە و رابردوویەکی لە خەبات بۆ جێخستنی فەلسەفەی لیبڕالیی مافی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا هەیە. فەقەرەیەکی بەرچاوی سیڤیی ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەیە کە ئەو توانیویەتی «ئەنجوومەنی باڵای کاروباری ئیسلامی»ی وڵاتەکەی لە رەتکردنەوەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پاشگەز بکاتەوە. گرینگیی هەنگاوێکی ئاوا کاتێک بەباشی هەست پێ دەکرێ کە ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بەیاننامەیەکی ئیسلامیی مافی مرۆڤیش هەیە کە هیچ لەگەڵ بەیاننامەکەی ١٩٤٨ یەک ناگرێتەوە و کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامییەکان زۆرتر لۆبیگەری بۆ ئەویان لەجیات و تەنانەت بەدژی ئەمیان دەکەن.

فاکتەرێکی دیکە کە بەستێنی کارکردنی راپۆرتۆری نوێ لەوانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، کۆنتێکستی سیاسی و نیهادیی بەڕێوەبردنی مەئمووریيەتەکەیەتی. لەڕووی سیاسییەوە، خۆشخەیاڵی نابێ ئەگەر بڵێین کە هەلومەرجی تازەی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لە دوو سێ ساڵی رابردوودا مەیدانی مانۆڕی رێژیمە سەرەڕۆکانی بۆ سات و سەودا و مامەڵە بە پەروەندەی مافی مرۆڤ زۆر بەرتەسک کردۆتەوە. ئەوە هەم لە سەفئارایی‌یە نێوخۆیی‌یەکانی شووڕای مافی مرۆڤ لەپێوەندی لەگەڵ پرۆسەی بڕیاردەریی نێو شووڕادا وەبەر چاو دەکەوێ کە سەرەڕای درێژەکێشانی کۆمەڵێک بلۆکبەندی و هاوپێوەندیی ناوچەیی، سیاسی و فەرهەنگیی زیانبەخش بۆ مافی مرۆڤ، پانۆڕامای هەڵوێست گرتن و دەنگدانی دەوڵەتان شتی زۆر تازە و هیوابەخشی بەخۆیەوە دیوە؛ هەم بەگشتی لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرامبەر پێشێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراودا کە هاوهەنگاویی و جیددییەتێکی لەچاو رابردوو زیاتری زلهێزەکانی پێوە دیارە.

گرینگترین ئاکامی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگای جیهانی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەو قەناعەتە خەریکە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە کە پێویستە مەحکوومییەتی حوقووقی و لەسەر کاغەزی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ئاکامی بەکردەوەی لەبواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری، قەزایی و تەنانەت نیزامییشدا هەبێ. ئەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش کە لە بناخەڕا فەلسەفەیەکی ئەمنیەتیی هەیە و زۆرتریش بە لۆژیکی ئەمنییەتی مامەڵەی لەگەڵ پرسی ئاشتی لە جیهاندا کردوە بەڵام ئەمڕۆ ئامادەیە پرۆسەی چاوەدێری بەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لەلایەن نیهادەکانی ژنێڤەوە بکاتە پارامێترێکی مامەڵەی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان، هەروەها ئەکتیڤ بوونی کەمویێنەی دادستانی دیوانی جینایی نێونەتەوەیی و ئامادەییی ئەو بۆ وەڕێخستنی مێکانیزمی دەستگیر کردن و لێپێچینەوەی رێبەرانی سەرەڕۆ لە دەرەوەی حاڵەتی ئەو کێشە نێونەتەوەیی‌یانەش کە ژێنۆسید و تاوانی شەڕ و تاوان بەدژی مرۆڤایەتییان تێدا ئەنجام دراوە، لە نیشانەکانی ئەو گەشەسەندنە موسبەتەن.

لە رووی نیهادیشەوە، راپۆرتۆری نوێ لە بەستێنێکی لەبارتردا دەست بەکار دەبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ریفۆرم لە مێتۆدی کاری راپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە بەشی دووهەمی ئەم باسەدا شی دەکرێتەوە.

# گەل رووخانی نیزامی دەوێ

# (الشعب يريد اسقاط النظام)

رێبوار مەعرووف زادە

لە سەرەتای نارەزایەتییەکانی سوریەوە هەتاکوو ئێستاکەش، بەشار ئەسەد تێکۆشاوە لە رێگای بەکارهێنانی هێندێک چەمک لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا وەک پیلانی دەرەکی، هەرەشەی توندئاژۆیی ئیسلامی، چاکسازی و دواجار دیالۆگی نیشتمانی، نارەزایەتی کەلەکەبووی چەندین ساڵەی خەڵکی ئەو وڵاتە کە لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانی جیهانی عەرەبی تێکەڵ ببوو، بشێوێنێت و لە ئاکامدا ئەو نارەزایەتیانە بخەوێنێ. هەینی بە دوای هەینی دا تێپەر بوو بەڵام دروشمی «گەل رووخانی نیزامی دەوێت» نەک وەلا نەنرا بەڵکوو بەرزتر و لێبراوانەتر لە زمان خەڵکێکی زیاترەوە بە گوێ جیهان گەیشت. بەشار ئەسەدیش هەر بە چەشنی موبارەک، بن عەلی و... دەریخست کە کەسانێک کە پەروەردەی نادیموکراتیک، تووڕە و تۆسنیان بێ، توانایی لە خزمەت خەڵکدا بوون و پەرەدان بە دێموکراسیان نییە. بە واتایەکی‌تر بابەتی دیموکراسی دەم و دەست و بە ئاسانی دەستەبەر ناکرێت چونکە دیموکراسی قالب نییە کە قالبی شوێنێک بکردرێ، جلک نییە کە ئەمرۆ لەبەر بکردرێ و سبەینێ فڕێ بدرێ.

دیارە ئۆپۆزیسیون بە دوو هۆی سەرەکی دیالۆگی نیشتمانیی حکوومەتیان بایکۆت کرد: ١. حکوومەت بە بێ پسانەوە و بە توندترین شێوە خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی سەرکوت کرد کە ئەم کردەوەیە لەگەڵ جەوهەری گوێگرتن لە خەڵک و دیالۆگی نیشتمانی ناتەبایە. ٢. ئازادیی زیندانیانی سیاسی و گۆڕینی یاسای بنەڕەتی کە دەکرا ببێتە مایەی متمانەی خەڵک و ئۆپۆزیسیون بە نیسبەت دەسەڵات و قورسایی بداتە دیالۆگی نیشتمانی، ئەنجام نەدرا. بەتایبەتی لانەبردنی ماددەی ٨ی یاسای بنەڕەتی سوریە کە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بە حاکمی وڵات لە قەڵەم دەدات، بەم پێیە دیالۆگی نیشتمانیی حکوومەت کە لە راستیدا دیالۆگ لەگەڵ خۆی بوو، نەتەنیا وڵاتی ئارام نەکردوە بەڵکوو یەکگرتوویی زیاتری ئۆپۆزیسیونیشی لێکەوتەوە چونکە جگە لە ئۆپۆزیسیونی عەرەبی، ١١ حیزبی کوردییش ئەو دانیشتنەیان بایکۆت کرد. دیارە بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیون بە نیسبەت نەمانی بەشار ئەسەد هاوڕان بەڵام لە هەمبەر دوارۆژی سووریە روانگەی جیاوازیان هەیە. بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی سووریە کە لە ئانتالیای تورکیە چەند دانیشتنێکیان پێکهێناوە لەباری فیکری و سیاسی‌یەوە لە AKPو ئیخوانولموسلمین سەرچاوە دەگرن. بەشی بەرچاوی ئۆپۆزیسیونی کوردیش لە سەر ٨ خاڵ کۆکن کە ئاماژە بە بە فەرمی ناسینی نەتەوەی کورد وەک دووهەمین نەتەوەی سووریە و بنیاتنانی سیستمێکی چەند حیزبی دەکەن.

لە دوایین دانیشتنی ئۆپۆزیسیون




لە ئیستانبۆل ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانی پێکهێنرا. بە گشتی بە فیرۆدانی کات و ئەنجام نەدانی چاکسازی لە لەیەن رێژیم، بەردەوامبوون و توندبوونەوەی نارەزایەتیەکانی لێکەوتۆتەوە. بەم پێیە بەهێزتر بوونی فاکتەری خەڵک لە سووریە وایکردوە زلهێزەکانی ناوچەیی و جیهانی لە سەر بنەمای ویستی خەڵکی نارازی، سیاسەت و هەڵسووکەوتی دیپلۆماتیکیان دابرێژن.

لە ئاستی ناوچەیی دا ٤ وڵات بە نیسبەت رەوشی سووریە خاوەنی هەڵوێست و رۆڵی کاریگەرن. ئەو چوار وڵاتە بریتین لە: ١. ئێران، ٢. ئیسرائیل، ٣. عەرەبستان، ٤. تورکیە

١. سیاسەتی ئێران لە هەمبەر سوریە: رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هیچ چەشنە یارمەتییەکی ماددی، نیزامی و سیاسی لە پێناو هێورکردنەوەی رەوشی سووریە کۆتایی نەکرد تەنانەت سپای پاسداران شان بە شانی هێزەکانی سووری دەستیان دایە سەرکوتی خەڵک، بەڵام پێداگریی خەڵک لەسەر خواستەکانیان، پشتگیریی ناوچەیی و جیهانی لە خۆپیشاندەرانی سووری وای کردوە کە کۆماری ئیسلامی لە سەر مانەوەی سووریە وەک هاوپەیمانێکی ئیستراتژیک سەرمایەگوزاری نەکات.

ئیستراتژی هەنووکەی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر رەوشی نێوخۆی سووریە، دروستکردنی لیبی‌یەکی‌تر بۆ ناوچە، ناتۆ و بە گشتی دروستکردنی لیبی‌یەکی‌تر بۆ جیهانە. لە روانگەی کۆماری ئیسلامی‌یەوە مادام رێژیمی بەشار ئەسەد لە دەست دەچێ کەوایە پێویستە تا ئەو شوێنەی دەکرێ بەهای ئەو لە دەست چوونە (قبوولی گەورەترین شکستی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) زیاد بکرێ. کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ تا شەڕ و کێشە لە ناوچە پەرە بستێنێ تا زەخت و گوشاری جیهانی بۆ سەر ئێران لەگەڵ قەیرانی نێوخۆیی ئەو وڵاتە، کە لە هەڵبژاردنی پارلمانی خولی نۆیەم دەگاتە لووتکە، هاوکات و هاوشان نەبن.

٢. سیاسەتی ئیسرائیل لە هەمبەر رەوشی نێوخۆیی سووریە: لە دەستپێکی نارەزایەتییەکانی سووریە، ئیسرائیل هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی ئاکامی ئەو نارەزایەتیانە سووریەیەکی لاوازی لێبکەوێتەوە بەڵام بە قووڵتر بوونەوە و درێژەکێشانی ئەو دۆخە ئاڵۆزە، رێژیمی ئەسەد توانایی دابینکردنی ئەمنیەتی نەماوە بە چەشنێک کە دەستی سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان بۆ نفووزی زیاتر و بەربڵاوتر لە سووریە و لە راستیدا نفووز لە

ل ٧

# جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان یان ئاپارتایدی رەگەزی

مەسعوود رەواندوست

ماوەی نزیک بە دوو ساڵە «کامران دانشجو» وەزیری زانستی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدینژاد باسی تێکەڵاویی خوێندکارانی کچ و کوڕی زانکۆکانی ئێرانی هێناوەتە گۆڕێ و ئەو شتە بە دیاردەیەکی «نائیسلامی» و رۆژئاوایی ناودەبا و هەوڵیداوە بەرەبەرە بوار بۆ جیاکردنەوەی کلاسەکانی دەرسی کچان و کوڕان لە زانکۆکاندا بڕەخسێنێ و، کۆی ئەم باس‌وخواس و هەوڵانە لە چوارچێوەی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکاندا خۆدەبینێتەوە.

گەڵاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان، بەڕواڵەت هەوڵێکە بۆ بەناو ئیسلامی کردنی زانکۆکان و جیاکردنەوەی تەواوی کلاسەکانی خوێندنی خوێندکارانی کچ و کوڕی زانکۆکان. بەڵام بەهۆی کەمیی مامۆستا، شوێنی خوێندن و بەربڵاویی جوغرافیایی ئیمکانی بەکردەوەیی کردنی ئەم گەڵاڵەیە تا ئێستا بۆ دەوڵەت نیە و هەر بۆیە دەوڵەت هەوڵی سەپاندنی رێوشوێنی توندوتیژی داوە بۆ رەچاوکردنی حیجاب و بەرتەسککردنەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خوێندکاراندا.

ئاستی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستانەبوونی ئەم گەڵاڵەیە روون و بەرچاوە و، هەوڵێکە لەدرێژەی بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکە کەسییەکان و ژێرپێنانی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ یەکێک لە چالاکترین و شوێندانەرترین توێژەکانی کۆمەڵگا واتە خوێندکاران دا.

ئەم گەڵاڵەیە سووکایەتییەکی ئاشکرایە بە کەسایەتی و پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتیی خوێندکاران و بەتایبەت خوێندکارانی کچ و لەم روانگە دواکەوتووانەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی وایە ژنان وێڕای

**ئەم گەڵاڵەیەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان سووکایەتییەکی ئاشکرایە بەکەسایەتیی خوێندکاران بە گشتی و هەڵاواردنێکی زەق و بەرچاوە لەدژی ژنان بە تایبەتی و لە راستیدا ئاپارتایدێکی رەگەزییە لەدژی ژنان**

ئەوەی خۆیان سەرچاوە و هۆکاری سەرهەڵدانی لادان و فەسادی ئەخلاقین لە کۆمەڵگادا، توانای کۆنترۆڵی خۆیان و لێکدانەوە و هەڵبژاردنی رێگەی دروستیان نیە.

هەربۆیە پێویستە بە سەپاندنی حیجاب و کۆنترۆڵی زۆرەملی و جیاکردنەوەیان لە پیاوان، رێگەی پەرەسەندنی فەساد لە کۆمەڵگادا بگیرێ!. ئەم روانگە دواکەوتووانەی لەپشت ئەم گەڵاڵەوەیە هەمان روانگەی پیاوسالارانەیە کە پێی وایە ژنان بەوهۆیانەی لەسەرەوە باسیان لێکرا دەبێ لە ئاستێکی نزمتری کۆمەڵایەتیدا بن و هەتا ئەو جێیەی دەکرێ رێگە لە حزووریان لە کۆمەڵگا و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگیرێ و لەڕاستیدا لە هەمان چاوگ و سەرچاوەی روانگەی تاڵەبانی بەرامبەر بە ژنانەوە دێ.

ئەم روانگەیە بەرامبەر بە ژنان وەک نیوەی کۆمەڵێک کە زیاتر لە سی ساڵە لە لایەن رێژیمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییەوە دەچەوسێتەوە و هەموو ئازادی و مافە ئینسانییەکانی پێشێل دەکرێ، لە ناخی جیهانبینی و ئیدئۆلۆژیی ئەم رێژیمەدا جێگیرە و دەوڵەتی ئەحمەدینژادیش لە پارێزەرانی تاریکی و کۆنەپەرستی و مەرجەعە تەقلیدە مووچەخۆرەکانی سەر بە رێژیمیشەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکراوەو هەوڵیانداوە کۆمەڵێک هۆکارو پاساوی بەناو شەرعی و عەقڵی بۆ بێننەوەو، بە هۆکاری دابینکردنی ئەمنیەتی ئەخلاقی و تەنانەت چوونەسەری ئاستی زانستیی زانکۆکانی لەقەڵەم بدەن. لە حاڵێکدا زانکۆکانی ئێران لە نەبوونی ئیمکانات و شوێنی گونجاو و تاقیگای پێویست و تەنانەت مامۆستای شارەزاوە دەناڵێنن و ئاستی زانستیی زانکۆکان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دادەبەزێ، بەرپرسانی رێژیم بێ ئەوەی هیچ گەڵاڵە و بەرنامەیەکیان هەبێ بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بنەڕەتیانە بەرچاوی ژنان لە بوارە زانستی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسییەکاندا هەموو ئەو هێڵە سوورانە دەبەزێنێ کە روانگەی پیاوسالارانەی کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار وەک نیزامی ئەرزشیی خۆی دیاریی کردوون و نیزام تووشی قەیران دەکاتەوە.

سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا هەوڵ دەدا بە سەپاندنی ئاستەنگ و بەربەستی لەم چەشنە و گەڵاڵە و بەرنامە و تەنانەت زەبروزەنگ و سەرکوت و گەشتەکانی ئێرشاد و پۆلیسی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی پاشەکشە بەم رەوتە روو لە گەشەیەی پێگەیشتنی ژنان و وەدەستهێنانی جێگەو پێگەی شیاوی ئەوان لە کۆمەڵگادا بکا و ژنان



چەند ساڵی رابردوودا توندو تیژتر لە دەوڵەتەکانی پێش خۆی ئەم سیاسەتەی بەڕێوە بردوە.

هەروەک باسکرا ئەم رێژیمە و ئوسوول و بنەما فکرییەکانی بە توندی دژی حزووری چالاکانەی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندان و هەر بۆیەش سەیر نیە لە کاتێکدا کە لە چەند ساڵی رابردوودا شاهیدی چوونەسەری بەرچاوی رێژەی خوێندکارانی کچ و تەنانەت زیاتربوونیان لە رێژەی کوڕان لە زانکۆکاندایـن، کۆنەپەرستان بە هێنانەگۆڕی گەڵاڵەیەکی لەم چەشنە هەوڵ دەدەن بەربەست بۆ گەشەو پێگەیشتنی ژنان لە ئاستە بەرزەکانی خوێندن‌دا دروست بکەن و بەڵگەش بۆ ئەم ئیدیعایە دەفتەرچەی هەڵبژاردنی رشتەکانی خوێندن لە ئاستی فەوقی لیسانس‌دایە کە بەش (سهمیە)ی ژنانی لە زۆربەی رشتەکانی فەوقی لیسانس‌دا بۆ ساڵی ١٣٩٠ لەسەدا سفر داناوە و ئەمە لە چوارچێوەی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان و بە وتەی ئەوان لە بەرژەوەندیی خوێندکاراندایە.

هەربۆیە دەبینین ئەم گەڵاڵەیەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان سووکایەتییەکی ئاشکرایە بە کەسایەتیی خوێندکاران بە گشتی و هەڵاواردنێکی زەق و بەرچاوە لەدژی ژنان بە تایبەتی و لە راستی‌دا ئاپارتایدێکی رەگەزییە لەدژی ژنان.

دیارە هەروەک چاوەڕوان دەکرا، ئەم گەڵاڵەیە هەر ئەو جۆرەی لە لایەن زۆربەی خوێندکاران و کەسایەتی و لایەنە رووناکبیر و تێگەیشتوەکانەوە دژایەتیی لەگەڵ کراوە، لە لایەن بەرەی کەوتوونەتە پاساوهێنانەوە و هۆ و هۆکار داتاشین بۆ بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی لەم چەشنە. لە کاتێکدا کە هەژاری و بێکاری و لە ئاکام‌دا فەساد و گەندەڵی لە کۆمەڵگای ئێران‌دا هێڵە سوورەکانی بەزاندوە و رێژیم هیچ بەرنامەیەکی بۆ چارەسەریی نیە، دەیانهەوێ ئەمنیەتی ئەخلاقی لە زانکۆکان‌دا دابین بکەن. بەرپرسانی رێژیم پێیان‌وایە جیاکردنەوەی کچان و کوڕان دەبێتە هۆی چوونەسەری ئاستی زانستی و زیاتربوونی بەرهەمی زانستیی زانکۆکان، لە حاڵێکدا زانکۆکانی «الزهرا» تایبەتی ژنان و «امام صادق» و «امام حسین» و «پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوە» بە تەواوی تایبەت بە پیاوانن و ئاستی بەرهەمی زانستییان نەک لەسەرتر نیە بەڵکوو لە زۆر بواردا لە زانکۆکانی دیکە لەخواترن.

راستییەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەم پاساوهێنانەوانەی پارێزەرانی کۆنەپەرستی بۆ بەرگری کردن لەم جۆرە گەڵاڵانە و گوشارەکانیان بۆ سەر ژنان نیشاندەری شەڕێکی سیاسی - فەرهەنگیە کە دەسەڵات بە هەموو دامودەزگا و راگەیەنەکانیەوە لەدژی رەوتی خێرای گەشەی حزووری ژنان لە کۆمەڵگادا دەستی پێکردوە. هەروەک باسکرا ژنان لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو هاتوونەتە مەیدان و بە بەدەستەوەگرتنی مەیدانەکانی خوێندن و کار و ژیانی زانستی و پرۆفێشنال (حرفەای) خەریکن ئەم نەریتە کۆنە دەشکێنن کە ژنان دەبێ لە گۆشەی ماڵەکانەوە بخزێن و چاو لە دەستی پیاوان دوور لە کۆمەڵگا و دواکەوتوو بمێننەوە. حزوور و گەشەی بگێڕێتەوە بۆ ماڵەکانیان و، دەرکی ئەوەی نیە کە ئاکامی ئەم ململانێیە چەندە روون و ئاشکرایە و شکست خواردو و شەرمەزاری ئەم مەیدانە بەرەی کۆنەپەرستییە.

ئەوەش کە مەحموود ئەحمەدینژاد لە چەند رۆژی رابردوودا لە نامەیەکدا بۆ وەزیری زانست و وەزیری بێهداشت باسی لە ناعالمانە بوونی ئەم گەڵاڵەیە و راگرتنی کردوە، تەنیا لە چوارچێوەی ململانێی نێوخۆی دەسەڵات و بۆ بەلاڕێدا بردنی رای گشتی و راکێشانی را و سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی لە شەڕ لەگەڵ خامنەیی و دارودەستەکەیدایە کە بەرەبەرە دۆستان و لایەنگرانی ئەحمەدینژادیان وەلاناوە. لە راستیدا ئەحمەدینژاد خەریکە لە شەڕی دەسەڵاتدا تەنیا دەمێنێتەوە و بۆ فریودان و راکێشانی رای گشتی ژێستێکی رووناکبیرانە دەگرێ. ئەگینا کێ هەیە لە بیری چووبێتەوە کە ئەحمەدینژاد و دەوڵەتەکەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆنەپەرستانەتر و دواکەوتووانەتر لە هەموو دەوڵەتەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی خەڵک و ئازادییەکانیان سەرکوت کردوە و هەوڵیان‌داوە ئێران بەرەو سەدەکانی نێوەڕاست بگێڕنەوە و ئەگەر لە دۆخێکی وەک ئێستادا نەبان بێگومان یەکێک بوون لە پێشەنگەکانی بەرەی تاریکی و کۆنەپەرستی بۆ شەڕ لەگەڵ پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگادا و هەرگیز لە بەڕێوەبردنی گەڵاڵەیەک کە خۆیان مێعمار و داڕێژەری بوون پاشگەز نەدەبوونەوە.

دریژەی:

## گەل رووخانی نیزامی دەوێ (الشعب یرید اسقاط النظام)

سنوورەکانی ئیسرائیل خۆش کراوە.

بەم پێیە ئیسرائیل دەیهەوێ ئەو قەیرانە تێپەر ببێ و سووری‌یەکان خۆیان سنوورەکانی خۆیان بپارێزن بە واتایەکی‌تر کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان لە سنوورەکانی ئیسرائیل پاشەکشە بکەن. دیارە ئیسرائیل لەگەڵ دامەزرانی سووریەیەکی دیموکرات نییە چونکە ئەو بابەتە دیموکراتبوونی زیاتری جیهانی عەرەبی لێدەکەوێتەوە و دواجار جیهانی عەرەبی دیموکرات‌تر دەتوانێ پشتگیری بەرفراوانتر بۆ پرسی فەلەستین رابکێشێ. کەوایە دامەزرانی سووریەیەکی دیموکرات لە بەرژەوەندی درێژخایەنی ئیسرائیل دا نییە.

٣. سیاسەتی عەرەبستان لە هەمبەر رەوشی سووریە: عەرەبستان پشتگیری لە لاچوونی بەشار ئەسەد دەکات چونکە ئەو ئاڵوگۆرە بالانسی هێزی سوننی لە بەرامبەر هێزی شیعەدا لە بەرژەوەندی «ریاض»دا دەگۆرێت. دیارە عەرەبستان لاچوونی بەشار ئەسەد وەک کەمتربوونی نفووزی ئێران و لاوازبوونی جەمسەری شیعە لە ناوچە لە قەڵەم دەدا. بەم پێیە عەرەبستان تێدەکۆشێ لە پێناو لاوازکردنی ئێران لە ناوچەدا هاوپەیمانی و هاوکاریی تورکیە و حیزبی ئیسلامی AKP بکا. دیارە عەرەبستانیش هەر وەک ئیسرائیل دامەزرانی سووریەیەکی دیموکرات لە بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیدا نابینێتەوە چونکە هەبوونی سووریەیەکی دیموکراتیک بە واتای ئەوەیە کە بەشێک لە خەڵکی عەرەب خاوەنی بیرکردنەوە، شێوازی ژیان و هەڵسوکەوتی جیاواز و نوێ دەبن کە ئەو بابەتە هەڕەشە دەکاتە سەر «سەقامگیری گرێدراو بە دواکەوتوویی عەرەبستان».

٤. سیاسەتی تورکیە لە هەمبەر رەوشی سووریە: تورکیە لە چەند روویەکەوە لە بەرژەوەندی دایە کە رێژیمی ئەسەد لابچێ:

الف)هەبوونی قەیران لە ناوچە و بەتایبەتی لە سنووری تورکیە، رووکردنی چەند هەزار پەنابەری سووری بۆ تورکیە، خەسار لە گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە دەدا.

ب)لاچوونی ئەسەد بە واتای کورتبوونی دەستی ئێران لە ناوچەیە. هەروەها هەنووکە تورکیە پەناگا و بنکەی ئۆپۆزیسیونی سووریەیە. کەوایە لاچوونی ئەسەد بە مانای شکل گرتنی بازارێکی سیاسی و ئابووریی گەورە بۆ تورکیەیە.

ج)تورکیە تەنیا ئەندامی موسڵمانی ناتۆیە. بە دوای ئەزموونی لیبی ئەگەری دەستێوەردانی نیزامی ناتۆ لە سووریە زۆر ئەستەمە. بەم پێیە رۆژئاوا ناچارە بۆ نفووزی سیاسی و فەرهەنگیی زیاتر لە سووریە پەنا بۆ تورکیە بەرێ. بە واتایەکی‌تر رۆژئاوا ناچارە لە بەرنامەکانی بۆ سووریە رۆڵێکی زیاتر و دواجار بەرژەوەندی‌یەکی زیاتر بۆ تورکیە لەبەرچاو بگرێ. سەفەری ئەحمەد داودئوغلوو وەزیری دەرەوەی تورکیە بۆ عەرەبستان و ئێران و ئەنجامدانی وتووێژ لە سەر رەوشی سووریە. هەروەها بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکیەتی عەرەب، یەکیەتی ئورووپا و ئەمریکا لە ئیستانبول و ئەنجامدانی وتووێژ لە سەر پرسی لیبی، دەرخەری وەئەستۆگرتنی رۆڵی زیاتری تورکیە لە مودیریەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی بە نیسبەت رەوشی سووریە، دووبەرە شکڵی گرتووە: ١. بەرەی پشتگیریی جیهانی لە خۆپیشاندەران (ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا)

٢. بەرەی جیهانیی پاراستنی بەشار ئەسەد (چین و روسیە)

١. بەرەی ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی زیاتر لە چوارچێوەی گوتاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ پشتگیری لە خۆپیشاندەرانی سووری دەکەن. دیارە لە نێوان ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا (فەرانسە، ئاڵمان، بریتانیا) لە چوارچێوەی شەڕی بەرژەوەندیدا لە سەر هەبوونی دەستپێشخەری، خێرایی و لیبراوەیی لە هەلوێست گرتن لە هەمبەر رەوشی سووریە، و لە راستیدا لە سەر رێبەری و مودیریەتی جیهانی ململانێکی توند لە ئارا دایە.

سەردانەکەی رابرت فورد سەفیری ئەمریکا و ئێریک شوالیە سەفیری فەرانسە بۆ شاری «حماء»، بە دوای ئەوانیشدا قسەکانی ئوباما و کلینتون لەسەر نەمانی شەرعیەتی بەشار ئەسەد و پێویست نەبوونی مانەوەی ئەسەد لە سەر دەسەلات ئەوپەری دەستپێشخەری، تازەگی و لێبراوەیی لە هەڵسووکەوت و دیپلۆماسی جیهانی دەردەخەن.

٢. بەرەی چین و روسیە: ئەو دوو وڵاتە بە شێوەیەکی توکمە و هەمەلایەنە گەشەیان نەکردوە، بەو واتایە کە گەشە یسیاسی، ئابووری و ئەمنییەتی (گەشەی مرۆڤ، ژینگە و تەکنۆلۆژی) هاوتەریب و هاوهەنگاو لەگەڵ یەکتر نەبووە. لە روسیە و چین پێشکەوتنی ئاسایش و ئابووری بەرهەمی قوربانی کردنی گەشەی سیاسی و مرۆڤی‌یە. بەلاچوونی ئەسەد فەزای داخراوی سیاسی ئەو وڵاتە دەکرێتەوە و ئەو فەزا کراوەیە دەنگ و بیری جیاواز لە ناوچە بڵاو دەکاتەوە کە هەڕەشە دەکاتە سەر فەزای ئەمنییەتی چین و روسیە. بەم پێیە هەوڵەکانی چین و روسیە لە شوورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆل و ناکارامەکردنی گوشار بۆ حکوومەتی ئەسەد لە ترس لە فەزای کراوە و دیموکراتیزە بوونی زیاتری ناوچە سەرچاوە دەگرێ.

# هەڵبژاردەیەک لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم

(بەشی سێهەم)

## پرسی کورد

... ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیی پرسی کوردهەڵسەنگێنین و لێکی بدەینەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەو پرسە لە سەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە. لە روانگەی ئێمەوە ئەم گەشە کردنە بە شێوەیەکە کە نەتەنیا بۆ دواوە ناگەڕێتەوە ، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ زیاتر دەچێتە پێش و بە دەستکەوتی زیاتر دەگا.

... ئەگەر لە لە ئاستێکی دیکەدا بڕوانینە بابەتەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانە دەبێ بخوێندرێتەوە و لێک بدرێتەوە.

## رۆژهەڵاتی کوردستان

... لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ئێراندا پێمانوایە کێشەی کورد لە چاو ساڵانی رابردوو چۆتە قۆناغێکی دیکەوە. سەرەڕای ئەو پرش و بڵاوییەی لە نێو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، و گەڵ ئەوەشدا کە هەوڵدان بۆ داخوازە نەتەوەییەکان، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە توندی سەرکوت دەکرێ، هێنانە گۆڕی ویست و داخوازە نەتەوەییەکان لە لایەن توێژە جۆراوجۆرەکان، بە تایبەتی رووناکبیران و توێژە خوێندەوارەکان و یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و هەڵوێستگرتن لە سەر بناغەی نەتەوەیی رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆیان دەر دەخەن. ژمارەی زۆری بەرهەڵستی و بەگژداچوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان لە لایەن خەڵکەوە لە کوردستان، زۆریی رێژەی بەندکراوانی کورد لە نێو چالاکە سیاسی و مەدەنییە بەندکراوەکانی ئێراندا و تەنانەت زۆربوونی ژمارەی ئێعدامکراوان و بە مەرگ مەحکوومکراوانی کورد، بەڵگەی زیندوو بوونی ئەو نەتەوەیە و بەرزبوونی تێگەیشتنی سیاسی و ملنەدانی بۆ ستەم و سووکایەتی بە شوناسی خۆیەتی. ئەگەرسەردەمێک کاری سیاسی و خەباتگێڕانە لە دژی ستەمی نەتەوەیی و دەسەڵاتی دژە کورد، تایبەت بوو بە تێکۆشەران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ئێستا لە ئاکامی بەرەوژوور چوونی ئاگایی گشتی ، ئاشنا بوون بە مافەکانی تاک، خۆ پێناسەکردن لە سەر بناغەی شوناسی نەتەوەیی و هتد دا، خەبات دژی ستەمی جۆراوجۆر، خسڵەتێکی گشتی و هەر لەو کاتە دا مەدەنیی بەخۆوە گرتوە.

... بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە گەشەکردنی هەست وتێگەیشتنی نەتەوەیی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک و ستەم و سووکایەتیی دەسەڵاتی حاکم بە شوناسی نەتەوەیی خەڵک لە لایەکی دیکە، بەستێنێکی لە باری بۆ بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک هێناوە. بەڵام ئەوە کە ناهێڵێ ئەو حەرکەتە گەشە بکا و خۆی دەربخا، سەرکوت و کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندنە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروست کراوەو بەسەر کوردستاندا زاڵ کراوە. سەرەڕای ئەم راستییانەش، پرسی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ململانێ و مەیدانداریيەکی ئاشکرا دایە .

## باشووری کوردستان

لە ئاستی باشووری کوردستاندا دەبینین کورد خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵە کە بە خۆشییەوە هەم لە دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە و هەم لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا وەک هەرێمێکی کوردی و فیدراڵ چاوی لێدەکرێ و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بێگومان لە هاتنەکایەی ئەم هەلومەرجە دا ناکرێ خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەیدا و بە تایبەتی رۆڵی هێزو لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ئەم پارچەیە لە بەرچاو نەگیرێ . ئێمە لە حاڵێکدا نکۆڵی لە رۆڵی فاکتەرەکانی دیکە لە پێکهاتنی گۆڕان لە عێراقدا ناکەین، ئەم دەسکەوتانە، بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە بە بەرهەمی خەباتی خەڵک و هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەزانین. پێشمانوایە ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبا، سەرەڕای کەموکوڕتیە جۆراوجۆرەکانی ، دەستکەوتێکە کە هەم پاراستنی لە بەرامبەر پیلانی نەیارانی رزگاریی نەتەوەیی کورد، هەم دەوڵەمەندکردنی نێوەرۆکی نیشتمانی و دیموکراتیکی ئەو دەسەڵاتە و کار کردن بۆ چارەسەری کەم وکووڕییەکانی، ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەری کوردە. شاراوە نییە کە ئێمە هاوکات شایەدی دوو رەوتی دژ بە یەک لە پێوەندیی لە گەڵ هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵاتەکەمان داین. رەوتێک کە نیشاندەری بەرەوپێشچوونی ئەو هەرێمە لە رووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و پێوەندییەکان و بایەخپێدرانی لە لایەن وڵاتانی رۆژاوا و ناوچە لە رووی سیاسی،دیپلۆماسی و بازرگانییەوەیە. رەوتێکیش، کە نەیارانی سیاسی و عەقیدەتیی رزگاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی عێراق و ناوچەدا لە پشتییەوەن و چاوی بە دەسکەوتەکانی کورد و سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ئەزموونەکەی هەڵنایە. هەر بۆیە بە شێوە و رێگای جۆراوجۆر خەریکی دژایەتیکردن و پیلانگێڕی دژی دەسکەوتە سیاسییەکان و پێگەی کورد لە چوارچیوەی عێراق دایە. لەو بارەوە پێمان وایە پێکهێنانی کۆ دەنگی و تەبایی نەتەوەیی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان لە سەر بناغەی دەسەڵاتێکی بنکەفراوان و وڵامدەر، دەتوانێ ئیرادە و هێزی پێویست بۆ پووچەڵکردنەوەی دژایەتی و پیلانگێڕی دژی ئەو هەرێمە لە ئاستی عێراق و ئیقلیمدا پێک بێنێ.




## باکووری کوردستان

بە نیسبەت باکووری کوردستانەوە ئەگەر چاو لە کێشەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پرسی کورد لە چاو ساڵانی رابردوو بە چەند قات چۆتە پێش و ئێستا چۆتە ریزی هەرە پێشەوەی پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگای تورکیا. ئێمە لەکاتێکدا بە چاوی رێزەوە دەڕوانییە خەباتی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان، پێمانوایە هەر بەرەو پێشچوون و کرانەوەیەک لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، بەر لە هەر هۆکارێکی دیکە بەرهەمی خەبات و فیداکاریی هێز و رۆڵە خەباتکارەکانی ئەو بەشەی کوردستانە. بەڵام هەر لەو کاتە دا نابێ سیاسەت و روانگە و هەڵوێست و پڕۆژەکانی حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە غەیرە کوردەکانیش کە بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتیی پێکهاتنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد دەدەن، نەبینین و بە قەرا گرنگیی خۆیان بایەخیان پێ نەدەین. بەو پێیەی لە باکووری کوردستان هێز و رێکخرای لیگاڵ و نیمچە لیگاڵ چالاکن، ئێستا بەخۆشییەوە کورد لە پارلمانی تورکیا وەک نەتەوە نوێنەرانی خۆی هەیە و مەزەندەش دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا رێژەی نوێنەرانی کورد لەپارلمان زیاد بکا. ئێمە لەم روانگەیەوە پێشوازی و پشتگیریی ئەو کرانەوەیە دەکەین کە لە سیاسەتی ئێستای تورکیە دا بەرامبەر بە پرسی کورد هەیە و هیوامان ئەوەیە ئەو سیاسەتەی «پارتی داد و گەشە پێدان» (AKP) بەرەو کرانەوەی زیاتر بچێ .

## رۆژئاوای کوردستان

ئەو بەرەو پێشچوونەی کە ئەمڕۆ لە پارچەکانی کوردستاندا دەیبینین، بە خۆشییەوە لە رۆژئاوای کوردستانیش هەستی پێدەکرێ. ئەوە کە ئەمڕۆ لە ژێر گوشار و ناڕەزایەتییەکی بەرینی جەماوەریدا سەرۆکی سووریا قسە لەوە دەکا کە ناسنامە بدەن بەو کوردانەی کە دەیان ساڵە لەو مافە سەرەتاییە بێبەشن، داننانە بە غەدرێک کە لەو وڵاتە دا لە کورد کراوە و جۆرێک داننانیشە بەوەدا کە ئەو سیاسەتەی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەرانبەر بە کورد گرتوویانەبەر سەرکەوتوو نەبووە. ئەو ددانپێدانانەش لە روانگەی ئێمەوە بەرهەمی لە مەیداندابوونی کورد لەو وڵاتە و شێلگیربوونیان لە سەر مافە رەواکانیانە. دیارە پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتی سووریەدا بەرامبەر بە کوردەکان لەو وڵاتە، نەک بەرهەمی بەخۆداچوونەوەی رێژیمی شوڤێنیستی بەعسی سووریا لە پێوەندی لە گەڵ کوردەکاندا، بەڵکوو بە مەبەستی دابڕاندنی ئەوان لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتە و بێدەنگکردنیان لە کاتێکدایە کە ئەو رێژیمە کەوتۆتە بەر شەپۆلی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینی سەرانسەری لە سووریا. لەم روویەشەوە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان هەوڵ بدەن بە یەکگرتوویی و هاودەنگییەوە بەرەوڕووی ئاڵوگۆڕەکان ببنەوە ، بە چەشنێک کە سەنگ و قورسایی کورد لە داهاتوودا بەرچاو بێ. خاڵێکی دیکە کە پێویستە لەم بارەیەوە بیڵێین ئەوەیە کە چ دەسەڵات و سیستمی سیاسی لە سووریا بگۆڕێ و چ ئەم ڕێژیمەی ئێستا لە سەر کار بمێنێتەوە، کێشەی کورد لەو وڵاتە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان

### پێوەندییە کوردستانییەکان:

... پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێین کە بناغەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی، پاشان حیزبی دانراوەو لەم چوارچێوەیەدا ئێمە سەرجەم ئەو لایەن و رێکخراوانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی رزگاری و مافە رەواکانی نەتەوەکەمان خەبات دەکەن بە دۆستی خۆمان دەزانین و هەوڵمان داوە کە پێوەندیان لەگەڵ پتەوتر بکەین.

لەم روانگەیەوە و بە ئاماژە بەو خاڵە هاوبەشانە کە لە کێشەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و لە نێوان هێزە و لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە کە دەبێ کورد خاوەن ستراتیژییەکی نەتەوەیی بێ و لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانێ بە قورساییەکی زیاترەوە سیاسەت و مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەر وەها لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگای جیهانی بکا. دیارە ئێمە لەسەر ئەو باوڕەین کە لە قۆناغی ئێستادا چارەسەر کردنی سیاسییانە و دێموکراتیکی کێشەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان گرێدراوی تایبەتمەندیی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

... لە سەر بناغەی ئەم روانینە،حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە پێوەندییەکی باش و دۆستانەی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە ئاست باشووری کوردستاندا، پێوەندییەکی باشی لەگەڵ زۆربەی هێزە سیاسییەکان هەبووە و دەکرێ بڵێین پاش کۆنگرەی چواردە پێوەندییەکانی لەم بوارەدا گەشەیەکی بەرچاویان هەبووە. لەم نێوەدا بە ئاماژە بە رابردووی پێوەندی و دۆستایەتیی لەمێژینە و رۆڵی بنەڕەتییان لەبردنە پێشی پرسی کورد لە وڵاتی عێراقدا،هەر دوو هێزی سەرەکیی باشووری کوردستان: «پارتی دێموکراتی کوردستان» و «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» جێگایەکی تایبەتیان لە پێوەندییە کوردستانییەکانمان دا هەیە.

لە ئاستی باکووری کوردستاندا هەوڵمان داوە پێوەندیمان لەگەڵ ئەو حیزبانەی بە شێوەی یاسایی لە باکووری کوردستان ولە نێو تورکیەدا تێکۆشانیان هەیە، وەک: پارتی ئاشتی و دێمۆکراسی، کۆنگرەی کۆمەڵگەی دێموکراتیک، پارتی بەشداربوونی دێموکراتیک و پارتی ماف و ئازادییەکان هەبێ. دیارە بەو هۆیەوە کە ئەم حیزبانە قورسایی تێکۆشانیان لە نێوخۆی وڵاتە و لە دەرەوەی تورکیا،لە ئورووپا و هەرێمی کوردستان بنکە و نوێنەرایەتیان نییە، ئیمکانی دیدار و بیروڕاگۆرینەوەی راستەوخۆ لە گەڵیان کەمترە. هەر وەها لە گەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانیش وەک دیارترین و ناسراوترین هێزی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان،لە ئاستی کوردستان و ئورووپادا پێوەندی و دیدارو دانیشتنی دۆستانەمان هەیە.

لە ئاست رۆژئاوای کوردستانیش بەهەمان شێوە، پێوەندییەکی باشمان لەگەڵ سەرجەم رێکخراوە سیاسییەکانی ئەوێ هەیە. بە سەرنجدان بە بەربڵاوی و زۆریی ژمارەیان هەوڵمان داوە پشتگیریی ئەوە بکەین کە جۆرێک کۆدەنگی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا دروست بێ.

بەشێکی دیکەی پێوەندییە کوردستانییەکانی ئێمە، پێوەندی لە گەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. لەم بارەیەوە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە هاندەر بێ بۆ بەرینتر بوونەوە و فرەلایەن بوونی بازنەی دیالۆگ و بیروڕاگۆڕینەوە لە بارەی پرسە هاوبەشەکان و دروست کردنی کۆدەنگی، هاوهەڵوێستی و هاوکاری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت لەم رووەیەشەوەحیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک دەستپێشخەریی کردوە.

# سووتاندنی دارستانەکان، کارەساتێکی ویژدانهەژێن و خەسارێکی نیشتمانی

مەسعوود فەتحی

پەرەسەندنی شارنشینی و گەشە کردن و بەرفراوان بوونی پیشەسازی بوونەتە هۆی گەرم بوونی ڕێژەی کەشوهەوا و گازە گوڵخانەییەکان وەک سەرەکیترین مەترسی کە گۆی زەوییان لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو کردۆتەوە و هەروەها بە ماشینی بوونی ژیان مرۆڤیان گەیاندوە بەو قەناعەتەی کە ژینگە پارێزی بە دروشمی ئاشت بوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و بە ئەرکێکی پیرۆزی ئینسانی و وەک هێمای پشکووتنی بیری مرۆڤایەتی بزانن. هەر لەم راستایەشدا چ زۆرن مرۆڤ گەلێک کە بە شێوازی خۆبەخش کات و هێز و سەرمایەی خۆیان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە تەرخان دەکەن. ژینگە ئەمانەتی نەسڵەکانی رابردوویە لای ئێمە بۆ نەوەکانی داهاتوو و دارستان وەک یەکێک لە گرینگترین بەشی ژینگە و بە سامانی نەتەوەیی بۆ هەر وڵات و نەتەوەیەک ئەژماردە دەکرێ. لەم راستایەشدا پاراستن و بەرفراوان کردنی دارستانەکان بوونەتە یەک لەو ئەرکە پیرۆزانەی کە سەرنجی چالاکانی ژینگە پارێزیان بۆلای خۆیان راکێشاوە. هەر بۆیەش دەوڵەتان

**جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەک هێزێکی داگیرکەر دەجووڵێتەوە و پاش پتر لە سی ساڵ بوونی هەر بە شێوەی میلیتاریزە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نەیتوانیوە شەرعیەتێک بۆخۆی بدۆزێتەوە. هەر بۆیەش دەکرێ سووتاندنی ئەو دارستانانە ئامانجی سیاسییان لە پشت بێ**

وەک سیستمی بەڕێوەبەری لە هەر وڵاتێکدا خۆیان لە هەر چەشنە یارمەتییەک لەم بوارەدا نەبواردوە و بەردەوام لەگەڵ ناوەندەکانی ژینگەپارێزدا لە پەیوەندیدان. بەم جۆرەش ژینگەپارێزی بووە بە یەکێک لە دەسکەوتە بە نرخەکانی شارستانیەتی سەردەمی مۆدێرنیتە.

جێی سەرنجە کە لە سەردەمێکی ئاوەهادا ئەوە چەند ساڵێکی بەردەوامە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە کەموێنەترین جۆری دار و دەوەنیان تێدایە، لە نێو ئاگرێکدا دەسووتێن کە نە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانی روونن و نە هیچ کەس و لایەنێک بەتایبەت دەسەڵاتی حاکم لە کوردستان، بە فەرمی خۆیان لەمەڕ پێشگیری و کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەیان بە بەرپرسیار دەزانن.

خەسارناسیی ئەو ئاگرکەوتنەوانە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هەیە، بۆیە لێرەدا تەنیا مەبەست روونکردنەوەیەکە لە سەر چۆنیەتی ئاگرکەوتنەوەکان و هەڵوێست گرتن لەمەڕ پێشگیری و کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەیان وەک بەشێک لە گرینگترین هۆکارە سروشتیەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا لە شوێنگەلی‌تری جیهانیشدا بوونەتە هۆی ئاگرکەوتنەوە دەکرێ بەرزبوونەوەی ڕێژەیی پلەی گەرما و هەروەها وشکەساڵی ئاوبەرین. هاوکاتیش بەشێک لە هۆکارەکانی‌تری ئاگرکەوتنەوەکان دەتوانن تایبەتمەندیی دیاری مرۆڤیان هەبێ وەکوو هەلپەرستیی کەسگەلێکی بەرژەوەندیخواز بۆ سووتاندنی ئەو دارستانانە بە نیازی بە کێڵگە و مەزرا کردن یان بە نیازگەلێکی ناڕەوای دیکە کە زۆرجار بە شێوازی مافیایی و لە تۆڕگەلێکی بەربڵاودا بوونیان هەیە، هەرچەندە ئەم شێوازە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زەق و بەرچاو نین. دەکرێ بەشێکی‌تر لە هۆکارە مرۆڤی‌یەکان بە لەبەرچاو نەگرتنی وریاکردنەوەکانی ژینگە پارێزان لەمەڕ مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە لە پاشماوەی ئاگرە بەجێماوەکان لە کاتی سەیران و سەفەردا بزانین یان کەوتنەوەی ئاگر بە هۆی پاشماوەی شووشەی خواردە ئەلکۆلییەکان کە ئەویش هەر لە سەیران و سەفەرەکاندا دەکەونەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی دانیشتووانی ناوچە ئاگرگرتووەکان و ژینگەپارێزانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، شوێنی ئاگرکەوتنەوەکان، ڕێژەی ئاگرکەوتنەوەکان و پانتایی ناوچە ئاگرگرتووەکانە کە لە باکوور هەتا باشوور ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە.

ئەو شوێنانەی کە ئاگریان گرتوە لە راستیدا نەک سەیرانگە و شوێنی گەشت و گوزار نین بەڵکوو لەبەر چۆنیەتیی هەڵکەوتوویی لە بواری جوغرافیاییەوە کەمترین ڕێژەی ڕێبوارانیان وێ دەکەوێ، سەرنج راکێشتر ڕێژەی ئاگرکەوتنەوەکانە بە جۆرێک کە تەنیا لە ساڵی ١٣٨٩دا لە ناوچەی شاخاوییەکانی مەریوان و بە پێی راگەیەندراوی ئەنجومەنی ژینگەپارێزی چیای سەوز لەم شارە ٨٨٦ جار ئاگرکەوتنەوە بە فەرمی تۆمار کراوە کە هەزاران دۆنم لە دارستانەکانی تێدا سووتاون.

ئەو هۆکارانەی کە شیمانەکانی دانیشتووانی ناوچە سووتاوەکان و ژینگەپارێزەکان بۆ تاوانباربوونی دەسەڵات لە مەڕ سووتاندنی ئەو دارستانانە بەهێز دەکەن، ئەمانەن:

١- پانتایی و بەرفراوانیی ئاگرکەوتنەوەکانە کە ناوچە جەنگەڵیەکانی لە باکوور هەتا باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە.

٢- ڕێژەی ئاگرکەوتنەوەکان، کە هەر وەک ئاماژەی پێدرا تەنیا لە ساڵی ١٣٨٩دا و لە ناوچەکانی مەریواندا گەیشتووەتە ٨٨٦ جار. ٣٥ هەزار دۆنم دارستانی تێدا سووتاوە.

٣- شوێنی ئاگرکەوتنەوەکان بە زۆرینەی ئەو شوێنانەی ئاگریان گرتوە نە سەیرانگە و نە شوێنی گەشت و گوزارن و نە سەرەڕێی ڕێبواران، بەڵکوو ناوچەگەلێکی شاخ و بەندەن و چڕوپڕن کە هەردەم بە ناوچەیەکی ستراتیژی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەر لە لایەن شۆڕشگێڕانی کوردەوە بۆ خەباتی چەکداری کەڵکیان لێوەرگیراوە و مێژووی سەروەرییان تێدا تۆمار کراوە.

٤- خەمخۆر نەبوونی دەسەڵاتلەمەڕ بەدواداچوونی هۆکارو عامڵانی ئەم تاوانە، بە جۆرێک کە هەتا ئێستا تەنانەت یەک کەسیش لەم پێوەندییەدا تاوانبار نەکراوە. ئەمە لە حەڵێکدایە کە ڕۆژانە لە کوردستان و لە لایەن دەسەڵاتی حاکمەوە و بە تاوانی مافخوازی و هەبوونی بیروڕای جیاوازەوە دانیشتووانی ئەم ناوچانە دەست بەسەر و زیندانی دەکرێن و بە حوکمگەلی قورسی زیندان و ئێعدام مەحکووم دەبن.

٥-خەمخۆر نەبوونی دەسەڵات لە پێوەندی لەگەڵ بەگژدا چوون و کوژاندنەوەی ئاگرەکان یان هەر لانی کەمی تەیارکردنی ژینگەپارێزانی خۆبەخش و دانیشتووانی ناوچەکە کە بە سەرەتاییترین ئامرازەکانەوە لە هەوڵی بەردەوامی کوژاندنەوەی ئاگرەکاندان و بە پێی راگەیەندراوی ناوەندە ژینگەپارێزەکان لە ئاست ئەم کارەساتەدا دەستکورت و کەم دەسەڵاتن.

٦- بایەخ و گرینگی نەدانی دەسەڵات لە مەر بە میدیایی کردنی هەواڵ و زانیاریی ئەو ئاگرکەوتنەوانە کە لە سەردەمی راگەیاندندا جێگەی سەرنج و تێرامانە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەک هێزێکی داگیرکەر دەجووڵێتەوە و پاش پتر لە سی ساڵ بوونی هەر بە شێوەی میلیتاریزە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نەیتوانیوە شەرعیەتێک بۆخۆی بدۆزێتەوە. هەر بۆیەش دەکرێ سووتاندنی ئەودارستانانە ئامانجی سیاسییان لە پشت بێ، لەم راستایەدا دەکرێ بە ئەرکی نیشتمانیی لایەنە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی دابنرێ کە لەم پێوەندی‌یەدا هەڵوێست بگرن و خاوەنداری لە سروشتی کوردستان بکەن. بەشێک لەو ئەرکانەی کە دەبێ جێبەجێ بکرێن بریتین لە:

١- مەحکووم کردنی ئەو ئاگرکەوتنەوانە وەک کردەوەیەکی چەپەڵی دژە مرۆیی و دژە کوردستانی جا چ لە لایەن تاک یان هەر گرووپ و لایەنێکەوە و بە هەر نیاز و ئامانجێک ئەنجام بدرێ و تاوانبار کردنیان بە لە نێوبردنی بە ئەنقەستی سروشتی کوردستان.

٢- چاودێری کردنی وردی ئەو تاوانە بۆ ناسین و تاوانبار کردنی بکەرانی و سپاردنی ئەم ئەرکە بە کەسانی دڵسۆز و بە گشتی بە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان.

٣- هەواڵگەیاندن لە پەیوەندی لەگەڵ چەندوچۆنی ئاگرکەوتنەوەکان و بە میدیایی کردنی ئەو هەواڵانە لە لایەن راگەیەنە گشتی‌یەکانی کورد، ئێرانی و جیهانییەوە و ناساندنی وەک تاوانێکی گەورەی ویژدانهەژێن و دڵتەزێن.

٤- دروست کردنی پردی پێوەندی لە نێوان ناوەندە ژینگەپارێزەکانی کورد لەگەڵ ناوەندە ژینگەپارێزەکانی ئێرانی و جیهانیدا، بە مەبەستی رووبەڕوو بوونەوەی جیدی‌تر لەگەڵ ئەو کارەساتە، یان لانیکەم بۆ تەیارکردنی ناوەندەکانی ژینگەپارێزی لە ناوچە ئاگرگرتووەکان.

٥- فەرهەنگسازی کردن لە لایەن میدیا و ماڵپەڕە کوردییە حیزبی و سەربەخۆکانەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئاگرکەوتنەوەکان بە لەبەرچاو گرتنی وریاکردنەوە پێویستەکان و هەروەها چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئاگرەکان بۆ کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی ئاگرەکان. واتە ئەرکدار کردنی خەڵک لە ڕێگەی میدیا و ڕۆژنامە حیزبییەکانەوە و بە نیشتمانی کردنی ئەرکی کوژاندنەوە و رووبەڕوو بوونەوەی ئاگرەکان.

٦- دانی بەرنامە و پلانی پێویست بە ناوەندە ژینگە پارێزەکان لە مەڕ ڕێکخستنی خەڵک بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی هەر چەشنە کارەسات گەلێکی لەم جۆرە.

٧-هاندانی خەڵک بۆ هاوکاری لەگەڵ ژینگەپارێزان و بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگرەکان و قەرەبوو کردنەوەی بەشێک لەو خەسارانە لە ڕێگەی چاندنی نەمام لە شوێنە سووتانەکان.

**جێی سەرنجە کە لە سەردەمێکی ئاوەهادا ئەوە چەند ساڵێکی بەردەوامە دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە کەموێنەترین جۆری دار و دەوەنیان تێدایە، لە نێو ئاگرێکدا دەسووتێن کە نە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانی روونن و نە هیچ کەس و لایەنێک بەتایبەت دەسەڵاتی حاکم لە کوردستان، بە فەرمی خۆیان لەمەڕ پێشگیری و کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەیان بە بەرپرسیار دەزانن**



# زنجیری کۆیلایەتی ناکەمە ملم

حەلیمە ڕەسووڵی

دڵپیسی ئەو دیاردەیەیە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان دا هەیە واتە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان دا بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دا بە چەشنی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بەرپەرچدانەوەی لەگەڵ دا ناکرێ. بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردیش لەم دیاردەیە بێبەش نییە. پیاوی کورد کە دەست پەروەردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارانەیە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەم دیاردەیە ڕووبەڕوو بۆتەوە. پیاو لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا کەسایەتییەکی دڵڕەق و دڵپیسە. پیاوی دڵپیس بە بەردەوامی بە چاوی گومانەوە دەڕوانێتە ئافرەت. ئەو پێیوایە کە ئەگەر ژنەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکی کوری قسە بکا یان ڕابوەستێ، ئەوە دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردوە و خیانەتی پێکردوە. یان کە ژنەکەی لە ماڵ دەرکەوت ئەوە خەریکی داوێنپیسییە. دیارە کە باس لە کۆمەڵگە دەکەین مەبەستمان ڕێژەیەکی نیسبییە. نەک هەموو پیاوانی کۆمەڵگە.

یەکێک لەو گرفتانەی کە دەبێتە سەرهەڵدانی کێشە لە نێو خێزان دا، شک و گومانە. لە کوێ بووی؟ لەگەڵ کێ نانت خوارد؟ زەنگت بۆ کێ لێدا؟ بۆ درەنگ هاتییەوە و.... شک و گومان بە هاوسەر لەوانەیە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە وەک گەڕان لە نێو کورتەنامەکان، گیرفان و جانتا و گوێ ڕاگرتن لە قسەی یەکتری لە کاتی بەکارهێنانی تەلەفوون دا و لەپڕ و لەناکاو چوون بۆ شوێنی کاری هاوسەر خۆی دەنوێنێ. ئەو ژیانەی کە بە عیشق و ئۆگرییەوە دەستی پێکردوە بەهۆی ئەم چەمکەوە بەرەو ژیانێکی تاڵ و ناخۆش و جاری وایە تەڵاق و لێک جیابوونەوە دەڕوا. کاتێک کە دڵپیسی لە لایەن لایەنی بەرامبەرەوە لە ژیان دا یان بەر لە دەستپێکردنی ژیانی هاوسەری دا ڕوودەدات ئەگەر نەگەیشتە حاڵەتی بێمتمانەیی و بێ باوەڕی، ئەوە ئاساییە لە ماوەیەکی کورت دا خۆ بە خۆ دەکوژێتەوە و دەچێتە خانەی حاڵەتێکی سۆزداری و ڕەنگە زیاتر لەبەر جوانیی کەسی بەرامبەر بێت یان لەبەر ترس لە هێندێک شتی کاتی یان ترس لە مەیسەر نەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری.

بەڵام کاتێک دڵپیسی گەیشتە ئەو دۆخەی کە گشت سنوورەکانی بەزاند و بوو بە هەستێکی سەرەڕۆیانە و کێشە خوڵقێن، ئەوە ئەو کاتەیە کە دەچێتە قۆناغی نەخۆشی و گرێی دەروونی و داهاتووی ژیانی هاوسەری بەرەو مەترسی دەبا.

پیاوێک کە بەردەوام لە بیری گۆڕینی ژنەکەی دایە، پیاوێک کە بەردەوام وەبیر ژنەکەی دێنێتەوە کە چۆن قسە بکا، چی لەبەر بکا. چۆن بە ڕێگەدا بڕوا، لەگەڵ کێ قسە بکا، چەندە پێبکەنێ، و بۆ کوێ بچێ، ئەوە پیاوی دڵپیسە. تاکی دڵپیس دەبێتە هۆکاری تاڵ بوونی ژیانی هاوسەرێتی. ئەو کەسە وەها هەستێک لە ناخی دا چەکەرەی کردوە دەبێتە کەسێکی مایەی ئازار کە بەردەوام وەشوێن نهێنییەکی شاراوە دایە کە دیارە خەیاڵییە. تاکی دڵپیس وەهمێکی ترسناک و خەیاڵێکی بێ بنەما هزری دادەگرێ و بە چەواشە سەیری ژیانی دەوروبەری دەکا و لە پێناو هەستەکەی دا سەرجەم ماف و ئازادییەکانی کەسی بەرامبەری پێشێل دەکا و ڕۆژ بە ڕۆژ زنجیری کۆیلایەتی زیاتر لە ملی ژنەکەی توند دەکا.



**لەم جۆرە بنەماڵانەدا پیاو ڕۆڵی پۆلیسی شاراوەی هەیە و ژنیش ڕۆڵی تاوانباری بێ تاوان. بناغەی وەها بنەماڵەیەک گەلێک رووخەکە و جاری واشە درێژەکێشانی گومان، جینایەتی لێ دەکەوێتەوە**

ئەو کەسە لای خۆی پێی وایە کە ئەو مرۆڤێکی کەمە و ئیرادەی دەبەزێنێ. ئەو پێیوایە چونکە کەمە، بۆیە هاوسەرەکەی خیانەتی پێدەکا. ئەو کەسانەن بە بەردەوامی لە هزری خۆیان دا سناریۆ ساز دەکەن و خەیاڵی سەیر و سەمەرە ناخیان دەتەنێ! لەسەر قسەی خەڵکی خراپ لێکدانەوە دەکا و هەستی بێ متمانەیی بۆ ساتێکیش وازی لێناهێنێ. لە بنەماڵەیەک کە دڵپیسی ڕۆڵی هەیە بێ شک کاریگەریەکەی لەسەر هەموو تاکەکانی بنەماڵەیە. کاتێک کە کوڕێک دەبینێ باوکی بەم چەشنە لەگەڵ دایکی هەڵسوکەوت دەکات پێیوایە کە دەبێ ئەویش لەگەڵ خوشکی یان خود دایکی وابێ، یان دەبێ لە داهاتوودا بەم جۆرە لەگەڵ هاوسەرەکەی بجووڵێتەوە.

«فرۆید» دەروونناسی بە ناوبانگیش لەسەر ئەو بڕوایەیە کە گومان، چەکەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی. لەم جۆرە بنەماڵانەدا پیاو ڕۆڵی پۆلیسی شاراوەی هەیە و ژنیش ڕۆڵی تاوانباری بێ تاوان. بناغەی وەها بنەماڵەیەک گەلێک رووخەکە و جاری واشە درێژەکێشانی گومان، جینایەتی لێ دەکەوێتەوە.

لە هۆکارەکانی دڵپیسی دەتوانین ئاماژە بە نەزانی و هزری خێڵەکی و ئاستی نزمی ڕۆشنبیری بکەین. کاتێک کە ژن وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆی خاوەن هزری ڕەها ژیانی هاوبەشی پێک دێنێ. چاوەڕوانی لە شەریکە ژیانەکەی پێشکەش کردنی هەستی متمانە و سۆز و خۆشەویستییە. نەک هەستی بێ متمانەیی و دەستتێوەردانی بە بێ هۆ لە هەموو پرسێکی تاکەکەسی دا. لە وەها بارودۆخێک دا ژن پرسیاری جۆراوجۆری بۆ ساز دەبێ بەڵام کاتێک وەشوێن وەڵامی پرسیارەکانی دەکەوێ پیاو بە حاڵەتێکی متمانە بەخۆ بوونەوە دەڵێ کە من متمانەم بە تۆ هەیە و ئەو هەستەی من تەنیا پیاوەتی و غیرەتییە. بەڵام بەداخەوە ئەوان خۆیان بە خاوەنی بێ ئەملاو ئەولای ژن دەزانن و بەم چەشنە بێ ڕێزی بە تێگەیشتنی ژن لە ژیان دەکەن. زەمانێک کە پیاو ئیزن نادا ژنەکەی لەگەڵ پیاوانی دیکە پێوەندی هەبێ، بەو واتایەیە کە ژنەکەی لەو ئاستەدا نییە کە تێگەیشتنی ئەوەی هەبێ پێوەندی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوانی دیکە ڕێک بخا. ئەو کارەش ئێرەیی بردنێکی شاراوەیە، کە پیاو دەیخاتە خانەی غیرەت و مەردانەگییەوە و بە خەیاڵی خۆی ڕووکەشێکی ئەرێنی بەسەردا دەکێشێ.

ژن و پیاو هاوبەشی هەست و سۆزی یەکترین لە ژیان دا، بەڵام لە واقیعدا هیچیان ملکی هیچیان نین. دڵپیسی بە نەخۆشیی دەروونی هەژمار دەکرێت و دەبێ چارەسەری زانستی بۆ بدۆزرێتەوە.

---

درێژەی: ستوونی بەر لە ماڵاوایی

# هاوین، وەرزی گەرما و «بێ حیجابی»ی ژنان!



ڕێژیمی ئێستای ئێران بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆی کەڵکی لە باوەڕە مەزهەبییەکانی خەڵک وەرگرتوە و بەم شێوەیە دەیەوێ بە ناوی پاراستنی حەیا و ئەمنییەتی کۆمەڵگە بەخەڵک بڵێ ناچارم ئەو تەرح و گەڵاڵانە بێنم و، بۆ دڵسۆزی بۆ بنەماڵەکان ئەم دیوارانە پێویستن!

چ سووکایەتییەکی گەورەیە بە ژن دەکرێ! دایکێک بە هەزار و یەک دەردو گرفتارییەوە بە شەقامێکدا دەڕوا، لەپڕ مەئموورێک دێت و پێشی پێ دەگرێ و دەڵێ قۆڵی کراسەکەت دادەوە، ڕووسەرییەکەت ......

هاوینان لەهەموو کات زیاتر ئەم هێرش و سووکایەتییانە بۆ سەر ژنان پەرە دەستێنن، هۆیەکەشی ئەوەیە هاوین فەسڵی گەرمایە و تەحەمولی ژنان چارشێو و عەبای ڕەش ناکەن، بەڵام کێ هەیە لەئێران دەرک بەم ئازار و سووکایەتییە بە ژنان بکا، جگە لە ژنانی ئاگا و وشیار؟ مەسەلەی حیجاب مەسەلەیەکی سیاسییەو ڕێژیمی ئێران زۆر ئامانجدار ژنانی کردۆتە نێچیری ئامانجە سیاسییەکانی. بەڵام لەلایەن ڕووناکبیران و هێزە دێموکراسیخوازەکانیشەوە کەمتر ئاوڕ لەم کێشەیە دەدرێتەوە، وەک ئەوەی ئەم پرسە تەنیا کێشەی ژنان بێ. بەڵام لێرەدا تەنیا یەک نموونە بەسە کە بڵێین ئەوە کێشەی وڵاتێکە: ئەوەتا حاشای لێناکرێ فووتباڵی ژنانی ئێران بۆتە ئەسیری حیجاب. تیمی فووتباڵی ژنانی ئێران لە بەهاری ڕابردوودا قەرار بوو بچێتە ئۆردۆن بۆ یاری لەگەڵ تیمی ژنانی ئەو وڵاتە، بەڵام بەپێی قانوونی فیفا لە یارییە ڕەسمییەکاندا ژنان بە حیجابەوە ڕێگەیان پێنادرێ یاری بکەن، بەرپرسانی ئێرانیش ئەمەیان قەبووڵ نەکرد و، هەر بۆیە تیمی ژنای ئێران لە یارییەکانی ئۆلەمپیکی لەندەن حەزف بوون.

سی و دوو ساڵە ئەو ڕێژیمە گەلاڵەی جوراوجۆر بۆ باشتر بەڕێوەبردنی قانوونی حیجابی زۆرەملی دێنێ، جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە شوێنە ئامووزشییەکان، سڕینەوەی بەشێکی زۆری مادده دەرسییە زانستییە ئەمڕۆیی و جیهانییەکان و لە جیاتی ئەوان دانانی ماددەی دەرسیی تایبەت و دەیان و سەدان گەڵاڵەی کۆنەپەرستانە بەشێک لەو هەوڵانە بوون. بەڵام ئایا توانیویەتی خواستی ئازادیخوازی لە بیر و فکری خەڵکی ڕووناکبیر و بەتایبەتی ژنانی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە بسڕێتەوە؟ ڕاستە مەقنەعە و چارشێو جەستە دادەپۆشێ و دەست و پێی ژنانی گرتوە، بەڵام نەیتوانیوە پێشی ڕوانینی ئینسانەکان بۆ دنیای دەوروبەر بگرێ. هەر بۆیە ژنانی ئێران تەسلیمی ئەو ڕێوشوێنە داسەپاوانە نەبوون و دەنگی ئازادیخوازییان بەرز کردۆتەوە.

# *مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە*

فرێدریش نیچە

و: وریا رەحمانی

بۆ ئەوەی لە مرۆڤ و گەورەترین داخوازییەک کە تا ئێستا لێی کراوە بدوێم، ناچارم بەر لە هەموو شتێک لە باسی خۆمەوە دەست پێبکەم. هەرچەند کە دەبێ تا ئێستاش روون بووبێتەوە. چون هەرچەشنە زانیاری و رۆشنگەرییەک لەبارەی خۆمەوە پێویست بووبێ درکاندوومە. کەچی گەورەبوونی ئەرکی من و بچووکی هاوچەرخەکانم، ناهەماهەنگی و نەگونجاوەتییەکی وای بەدی هێناوە کە زۆر جاران نە گوێیان لە دەنگم بووە و نە بە باشیش دیتوویانم.

لە فەزایەکی ئاوادا رەنگە زۆر ئاسایی نەبێ ئەگەر هەندێک داخوازی و چاوەڕوانیی تایبەتم هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر بڵێم کە من وەها مرۆڤێکم، یان لەوەش گرینگتر بمهەوێ جیاوازم دانێن لەو شتەی کە نیم! لە راستیدا لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی گەورەبوونیانەوە ستایش کراون، لە سرووشتێکی جیاوازم. لەوانەیە هەر ئەوەش بەشێک لە غرووری من بێ. من موریدی «دیۆنیسوس»ی فیلسوفم؛ تەنانەت پێم خۆشە بوونەوەرێکی نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەڵ بم، نەک بە پیرۆزم بزانن. هەست دەکەم ئەگەر نووسینەکانم بە باشی بخوێندرێتەوە، بەشکم بتوانم بە میتۆدێکی شادی هێنەر و لێبردووانە بەم هەڵوێستەم گیان ببەخشم. دوایین شتێک کە من بەڵێنەکەی دەدەم بە باشترکردنی جۆری مرۆڤە. هیچ بوتێکی تازە رێ ناخەم. با بوتەکانی رابردوو بزانن لە گڵ درووستبوون یانی چی. مەبەستی من بەگشتی رووخاندنی بوتەکانە. هەر بەو جۆرەی دنیای باوەڕمەند چەواشە کراوە، حەقیقەتیش لە بایەخ و ناوەرۆک و راستەرێیەکەی دوور کراوەتەوە. جیهانی واقیع و رواڵەتی، یان سادەتر بڵێین؛ جیهانی سازکراو و بەرچاو لەپێناوی درۆیەک بە ناوی باوەڕدا، گەورەترین کارەساتی مێژوو بووە کە مرۆڤی تا ئەپەڕی خۆی درۆزن و ساختەچی و ناجۆر بارهێناوە. هەتا ئاستی کڕنۆش بردن بۆ ئەو دژەبایەخانەی کە لەمپەڕی جیددیی سەررێی مرۆڤن بۆ وەدیهێنانی کرانەوەی شکۆمەندانەی ئایندە و گەیشتن بە مافی سەرکەوتووانەی ژیان.

هەرکەسێک بزانێ هەوای نووسینەکانی من چۆن هەڵدەمژێ، تێدەگا (ئەم هەوایە) هەوای بەرزاییەکانە، هەوای تەندروستییە. دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکرێت، دەنا ئەگەری نەخۆش بوونی هەیە. فەلسەفە تا ئەو جێیەی من تێیگەیشتبێم و لەگەڵیدا ژیابم، ژیانێکی دڵخوازانەیە، تەنانەت ئەگەر لەنێو سەهۆڵبەندان و لە کێوە بەرزەکانیش دا. فەلسەفە هەڵاتنە بەشوێن هەرشتێکی نائاشنا و پرسیارهێنەر و کەڵکەڵەخولقێنی سەرنج راکێش. فەلسەفە بەدواداچوون بە شوێن هەموو ئەو شتانەیە کە پێشتر بەهەر هۆیەکەوە بووبێ لە لایەن ئەخلاقەوە لەمپەریان لەبەردەم دانراوە. لەو هەموو ئەزموونە دوور و درێژانەی کە خولقاوی



لارێیی و سەرلێشێواویی نێو هەرێمی قەدەغەکراوەکانن فێر بووم کە سەرچاوەی ئەخلاقی کردن و باوەڕمەندی جیاوازی دانێم، لەو شتانەی کە رەنگە دڵخۆشانە بن. مێژووی شاراوەی راستی و حەقیقەتم لە ناسینی فیلسوف و دەروونناسیی ناوە گەورەکانیان بۆ دەرکەوت. رۆحێک بەرگەی چەندە راستی دەگرێ و رۆحێک بوێریی چەندە راستیی تێدایە؟ هەر ئەوەش بوو بەهۆی هەڵسەنگاندنی درووست و گونجاوی بایەخەکان. هەڵە (باوەڕ بە باوەڕمەندی و ئیمان) کوێری نییە، بەڵکوو ترسەنۆکییە. هەر هەنگاوێکی پێشڕەوانە و بایەخدار لە رووی ناسینەوە، حەوجێی بە بوێریی توندایەتی و خاوێنیی پێوەندیی لەگەڵ خود دا هەیە. بە واتایەکی دیکە یانی مرۆڤ بۆ بەرەو پێشچوون و تێگەیشتن و رزگاری لە دنیادا پێویستە بە نیسبەت خۆیەوە سەختگیر و لە هەمان کاتیشدا شەفاف بێ. چون پێش شەرتی هەرچەشنە تێگەیشتن و ناسینێک بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤ لە رێبازی ژیان دا،لە ناسینی خود و پەیبردن بە زەرفییەتەکانی دەروونیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. من باوەڕەکان رەت ناکەمەوە، بەڵام لە بەرامبەریان دا دەستکێش لە دەست دەکەم. فەلسەفەی من بەو نیشانەوە رۆژێک سەردەکەوێ، چون ئەو شتەی کە تا ئێستا قەدەغەکراوە، هەرگیز جیا لە راستی نەبووە. لە نێو نووسراوەکانم دا «زەردەشت» پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. من لەو کتێبەدا گەورەترین دیارییەکم کە تا ئێستا ئاراستەی مرۆڤ کراوە، پێ بەخشیوە. هەر مرۆڤێکی واقیع بینیش لە پانتاییەکی بێ کۆتایی دا دەگرێتەوە. لێرەدا هیچ پێغەمبەرێک- هیچکام لەو چینە دووڕەگە ناخۆشەویستانەی دامەزرێنەرانی ئایین- قسە ناکەن. لێرەدا هیچ مەوعیزەیەک لەکاردا نیە. داوای ئیمان لە کەس ناکرێ. ئارامیی لەسەرخۆیانەی هەنگاو قورسایی ئەم گوتارەیە. ئەوەش تەنیا بۆ دانستە و هەڵبژاردەکانە. لێرەدا گوێگربوون تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە تا بەباشی و بە درووستی لێدوانەکانی زەردەشت ببیسترێ و لێی تێبگەن.

زەردەشت رێک بە پێچەوانەی هەرجۆرە زانا، پیرۆزمەند یان رزگاری بەخشێکیتر کە جیهان بە چەواشە دادەبەن، قسان دەکا. لە راستیدا زەردەشت تەنیا هەر جیاواز نادوێ، بەڵکوو بۆخۆشی جیاوازە. ئێستاش ئەی رێبوارانی رێگای من، من تەنیا وەرێ دەکەوم. ئێوەش برۆن و تەنیا بن. خۆتان لە من دوور کەنەوە و هێندەش گیرۆدەی زەردەشت مەبن. مرۆڤی تێگەیشتوو نەتەنیا دەبێ بتوانێ نەیارەکانی خۆش بوێ، بەڵکوو پێویستە قینی لە هاورێیەکانیشی بێ. ئەوەی هەمیشە شاگرد دەمێنێتەوە، زەحمەت و ماندوویەتیی مامۆستاکەی بەباشی جواب نەداوەتەوە.

ئەی چۆن دەستتان بە لوتکەی شانازییەکانم دا دێنن؟! ئاگادار بن ئەو پەیکەرەیەی وا لە حاڵی رووخان دایە، نەتانکوژێ!

دەڵێن باوەڕتان بە زەردەشت هەیە! کەچی زەردەشت چ بایەخێکی هەیە؟! ئێوە باوەڕمەندانی منن، بەڵام باوەڕمەندان چ بایەخێکیان هەیە؟!

هێشتا لە هەوڵی ناسینی خۆتاندا نەبوون کە منتان دۆزیەوە! تەواوی باوەڕمەندەکان وان. هەر بۆیەشە باوەڕەکان بەگشتی بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. ئێستاش داواتان لێدەکەم لە من دوورکەونەوە و خۆتان بدۆزنەوە. تەنیا کاتێک کە رەتم کەنەوە، دێمەوە لاتان. لە وەها رۆژێکی شکۆمەندانەدا کە نەتەنیا ترێ بەڵکوو هەموو شتێک لەوپەڕی خۆیدا گەییوە و پێگەیشتووە، تیشکێک لە تەشقی خۆرەتاوەوە کەوتۆتە نێو ژیانمەوە. سەیری دەور و پشتم دەکەم، هەرگیز ئەو هەموو شتە باشانەم بە یەکەوە لە جێیەک دا نەدیتبوو. هەربۆیەش لەخۆوە نەبوو کە ئەمڕۆ تەرمی چل و چوارەمین ساڵی تەمەنم ناشت و جارێکی تر دووبارە لە دایک بوومەوە.

تێبینی:

وەرگێرانێکی ئازاد لە وتاری «مرۆڤ چۆن دەبێتە ئەوەی کە هەیە»،

لە کتێبی «انسان مصلوب» نووسینی فرێدریش نیچە.

# رەزا سەقایی، هونەرهەندی بە سۆزی لورستان

ئازاد عەبباسیان

محەممەد رەزا سەقایی سترانبێژی بە ناوبانگی لوڕستان، بولبولی شاخەکانی خوررەم ئاباد و هاژەی تاڤگەکانی ئەزنا و ئەلیگودەرز و زوڵاڵی ئاوی کانیاوەکانی قەڵای فەلەکولئەفلاک. هونەرمەند رەزا سەقایی یەکێک لەو هونەمەندە بەسۆز و دەنگ رەسەنانەی لورستان بوو، کە نەک هەر لە لوڕستان بەڵکوو لە بەشی زۆربەی رۆژهەڵاتی کوردستان ناسراو بوو. سەقایی یەکێک بوو کە دەبووایە هەموو خەڵکی کوردستان بە تەواوی بیانناسیایە. بەڵام بۆچی وا نەبوو؟ دەتوانین گازندەی خۆمان ئاراستەی ئەو کەسانە بکەین کە مۆسیقا و ئەدەبی کوردی لە چواچێوەیەکی دیاری کراو دا دەبینن و لە بۆ ناساندنی ئەم هونەرمەندانە کەمتەرخەمی دەکەن.

هونەرمەند رەزا سەقایی لە ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣١٨ لە خوررەم ئاباد، ناوەندی پارێزگای لورستان، لە گەرەکی پشت بازار چاوی بە دنیا هەڵێنا.

خەڵکی شاری خوڕڕەم ئاباد بە گشتی زۆر ئۆگری مۆسیقای لوڕی و کووردین، زۆربەیان لە سەر ئەو باوەڕەن کە مۆسیقای کوردی و لوڕی زۆر لێک نزیکن و یەک رۆحیان لە بەر دایە، ئەو شتەی کە مۆسیقای لوری و کوردی پێکەوە گرێ دەدا، ئەو هەستەیە کە مۆسیقاژەن یا گۆرانیبێژ لە کاتی پێشکەشکردن دا دەری دەبرێ، کە هەستێکە بۆ خاک و نەتەوە.

رەزا سەقایی یەکێک لەو هونەرمەندە خاوەن هەستانە بوو کە هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر جێی خۆی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان و لوڕستان دا بکاتەوە.

سەقایی خۆی لە گۆرانی شۆڕشگێری دوور نەکردەوە و پەیامی خۆی بە گۆرانی دەگەیاندە گوێی خەڵکی نیشتمان پەروەری لورستان و کوردستان.

هونەرمەند رەزا سەقایی لە ژیانی هونەری لە گەڵ هونەرمەندان، عەلی ئەکبەری شکارچی، موجتەبا میرزادە و فەرەجی عەلی پوور کاری هونەری کردوە. یەکەم بەرهەمی سەقایی بە





ناوی «سەیری چاوی مەستی تۆ» بە لوڕی بڵاو بووەوە.

هەروەها یەکێک لە بەنرخترین بەرهەمەکانی هونەرمەند، گۆرانی «دایە دایە وەقت جەنگە»ی بوو کە ببووە سروودێکی شۆڕشگێری و حەماسی لە نێو لوڕەکان و تەنانەت کوردەکانیش دا.

لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، ئەم گۆرانیە کە هونەرمەندی کورد موجتەبا میرزادە دابەشی کردبوو، چووە ریزی بەرهەمە ناودارەکانی ١٠٠ ساڵەی مۆسیقای ئێرانی.

لە کۆتاییەکانی شەڕی ئێران و عێراق دا بەداخەوە بەهۆی بۆردمان کردنی ناوچەکە لە لایەن رژێمی بەعسەوە، سەقایی بریندار بوو و ئیتر نەیتوانی درێژە بە هونەری سترانبێژی بدات.

هونەرمەند رەزا سەقایی بە هۆی نەخۆشیی هەناسە و سەکتەی مێشکی کە لەوە پێش تووشی ببوو، لە ٢٧ی پووشپەری ١٣٨٩ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی ساسان ی تاران ماڵاوایی لە عاشقانی مۆسیقا و هونەری میللی کرد و ئیتر چاوی هەڵنەهێنا.

لە ٢ی گەلاوێژ تەرمەکەی برایەوە بۆ شاری باوو باپیرانی واتە خوڕڕەم ئاباد و لە گۆڕستانی ئارامستانی شار بە خاک سپێردرا.

دەروێش رەزا مونەزەمی کە یەکێک لە ژەنیارە بە ناوبانگەکانی ئێرانە، لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی سەقایی دا وتی:

«هونەرمەندەکان زیاتر لەوەی کە پێویستیان بە پوول و مادیات بێت، پێویستیان بە رێز گرتن و لێپرسینە. سەقایی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو لە ماڵەوە کەوتبوو و زەلیل بوو، بەڵام هیچ بەرپرسێک لێی نەپرسی و کەچی ئێستاش هەموو بەدەوریەوەن».

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 563 21 July 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤی ئێران لە پاریس

رۆژی هەینی ١٧ ی پووشپەڕ لەسەر بانگهێشتی «کومیتەی سەربەخۆی دژە سەرکوت» لە فەڕانسە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لە پاریس بەڕێوەچوو و نوێنەرانی زۆربەی راگەیەنە بیانییەکان بەشدارییان تێدا کرد.

کۆڕگێرانی سەرەکیی ئەو کۆنفرانسە بریتی بوون لە عەبدولکەریمی لاهیجی سەرۆکی کۆمەڵگەی مافی مرۆڤی ئێران و جێگری کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها رەزا موعینی بەرپرسی دەفتەری ئێران و ئەفغانستان لە رێکخراوی هەواڵنێرانی



بێ سنوور. ئەو بابەتانەش کە لەو کۆنفرانسەدا خرانە بەر باس بریتی بوون لە چاپەمەنیی ئازادیە زنجیرکراو، پێشێلکراوەکان، سەرکوتی توندتر و زۆربوونی ئێعدامەکان.

جێی ئاماژەیە کە کۆماری ئیسلامی هیچ گرنگییەک بە گیرانی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە نادا و بەردەوامە لە پێشێل کردنی مافەکانی خەڵکی ئێران بە تایبەت نەتەوە بن دەستەکانی ئەو وڵاتە.

## پێگاه ئاهەنگەرانیش دەستبەسەر کرا



دوای ونبوونی مەریەم مەجد وێنەگری وەرزشی، پێگاه ئاهەنگەرانی، هونەرمەند و ئەکتەری سینەمای ئێران لە رۆژی یەکشەممە ١٩ ی پووشپەڕەوە ون بوو و دواتر لە گرتووخانەی سوپای پاسداران سەری وەدەرنا.

ئەو ئەکتەرە ناسراوەی سینەمای ئێران قەرار وابوو لە سەر یارییە جیهانییەکانی تۆپی پێی ژنان لە ئاڵمان کاری وێبلاگنووسی بۆ هەواڵدەریی DW بکا، بەڵام رۆژێک پێش رۆیشتنی بۆ ئاڵمان، لە لایەن هێزە ئینتزامیەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست کراوە.

بە پێی هەواڵی دویچەوێلە، پێگاهی ئاهەنگەرانی دوای قۆڵبەستکران دراوەتە سپای پاسداران. ئاهەنگەرانی لە پێوەندیەک لە گەڵ بنەماڵەکەیدا وتوویەتی کە هیچ زانیاریەکی لە سەر شوێن و هۆکارەکانی قۆڵبەستکرانی نیە.

شیرین عبادی، پارێزەر، بەرگریکار و چالاکی مافەکانی مرۆڤ، لە پێوەندی لەگەڵ ونبووانی نەناسراو و ناسراوی ئێران دا گوتی کە پەروەندەی تەواوی ئەو کەسانە لە بەشی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چاوخشاندنەوەی بە سەردا دەکرێ.

## لاوێکی کورد پلەی یەکەمی زۆرانبازیی ئاڵمانی وەدەست هێنا



لە کێبەرکێی یارییەکانی زۆرانبازیی فەرەنگی لە وڵاتی ئاڵمان، ئەیوب ئازموودە، ئەندامی پێشووی تیمی میللیی ئێران توانی لە کێشی ٨٥ کیلۆ دا پلەی یەکەم بۆخۆی دەستەبەر بکا.

ئەیوب ئازموودە کە خەڵکی شاری سنە و نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمانە، بەو سەرکەوتنەی بە دەستی هێناوە.

نوێنەرایەتیی وڵاتی ئاڵمان لە یارییەکانی زۆرانبازیی فەرەنگیی وڵاتی لیهێستان دەکا، کە لەمانگی سەماوەزی داهاتوودا بەڕێوە دەچێ.

شایانی باسە کە ئەیبوب ئازموودە لە ساڵی ٢٠٠٨ میداڵی زێوی لە یارییە نێونەتەوەییەکانی هولەند وەرگرت و ساڵی ٢٠٠٩ش پلەی دووهەمی لە وڵاتی ئاڵمانی بەدەست هێنا.

## کۆتایی هاتنی هەشتەمین فستیڤاڵی رووناکبیریی بەدرخان لە پاریس



ئێوارەی رۆژی یەکشەممە،١٩ ی پووشپەڕ بەبەشداریی سەدان کەس لە رووناکبیران و هونەرمەندانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، هەشتەمین فستیڤاڵی دوو رۆژەی رووناکبیریی بەدرخان لە پاریس، ناوچەی سیڤەر کۆتایی پێ هات.

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، لەبارەی چالاکییەکانی ئەو فستیڤاڵە بە ئاژانسی «ئاکانیوز»ی راگەیاند کە لە ماوەی دوو رۆژ و لە ژێر ناونیشانی « کولتوور ناسنامەی گەلان»، چەندین کۆڕی ئەدەبی و رووناکبیریان بەڕێوە بردوە و پێشانگەی کتێب و پێشانگەی هونەرییان کردۆتەوە و هەروەها دوو فیلمیشیان لە پێوەندی لە گەڵ کوردستاندا پێشان داوە.

شایانی باسە کە لە رێوڕەسمی کردنەوەی ئەو فستیڤاڵەدا وتاری شارەوانیی سیڤەر، وتاری پارتی سۆسیالیستی فرانسە ، وتاری ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس لەلایەن کەندال نەزان، وتاری یەکیەتیی نووسەرانی کورد خوێندرانەوە و دواتر فیلمێکی دیکۆمێنتاری بەناوی «ئێرە کوردستانە» لە دەرهێنانی هەوراز محەمەد پێشان درا.

## چاپکراوی نوێ




«لە شارەکەم (رەبەت) بۆ ئازادی خوێن باریوە» لە نووسین و ئامادەکردنی قەڵەم بەدەست و کادری دێرینی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک ئەحمەد مەکڵاوەیی، کتێبێکە لە بارەی ژیان و خەباتی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی رەبەت.

ئەم کتێبە کە بە هەوڵ و هیممەتی بەڕێزیان ئامادە کراوە و بە چاپ گەیشتوە، بەرهەمێکی گەلێک بەنرخە کە ژیان و بەسەرهاتی بەشێک لە تێکۆشەرە شەهیدەکانی حیزبی دیموکراتی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە و دیارییەکە بۆ رۆحی پاکی ئەو نەمرانە و بنەماڵە سەربەرزەکانیان و گشت رێبواران و ئەویندارانی رێگا و رێبازیان.

## گرووپی دەفژەنانی سەقز پلەی سێهەمیان لە ئێران وەدەست هێنا



گرووپی دەف ژەنانی «حەزین»ی سەقز، کە لە فستیڤاڵی دەف ژەنانی ئێران لە پارێزگای لورستاندا بەشدارییان کردبوو، توانییان لە نێو ٢٠ گرووپی بەشداردا پلەی سێهەمی ئەم پێشبڕکێ سەراسەرییە بە دەست بهێنن.

ناوەندی هەواڵنێریی سەقز وێڕای راگەیاندنی ئەو هەواڵە دەڵێ کە لە بواری ژەنینی تاکەکەسیشدا «وریا فەرەجی» دەف ژەنی خەڵکی ئەو شارە توانی پلەی سێهەمی ئەم پێشبڕکێیە مسۆگەر بکات.

بە پێی سەرچاوەی هەواڵ زۆربەی بەشدارانی فستیڤاڵەکە و گرووپی حەزینی سەقزیش ناڕەزایەتی خۆیان لە ئاکامی ئەم پێشبڕکێیە بە لیژنەی هەڵسەنگاندنی فستیڤاڵەکە راگەیاندوە و پێیان وایە کە لە هەر دوو قۆناغی گرووپی و تاکەکەسیدا ناعەداڵەتی کراوە و ئەوان شیاوی ئەوە نین کە پلەی سێهەم بە دەست بهێنن و دەبوو وەک پلەی یەکەم هەڵ بژێردرابان.

جێگەی ئاماژەیە کە فستیڤاڵی دەف ژەنانی ئێران لە رێکەوتی ٨ تا ٩ی پووشپەڕ لە شاری «ازنا»ی پارێزگای لوڕستان بەڕێوەچوو و هونەرمەندانی کورد بێهنام حیجازی، بێهنام ئەردەڵان، بێهزاد ئەمینی، عێرفان مەحموود نژاد و وریا فەرەجی لە چوارچێوەی گرووپی دەف ژەنیی «حەزین» بەشداری ئەم فستیڤاڵە بوون.




بەر لە ماڵاوایی

## هاوین، وەرزی گەرما و «بێ حیجابی»ی ژنان!

**کوێستان فتوحی**

**روانینی جنسیەتی بەرانبەر بە ژنان ئەوپەڕی سووکایەتییە کە بە کەسایەتیی مرۆڤی ژن دەکرێ .**

وەرزی فشار و ئازار و هێرش و گرتن و راوکردنی ژنان لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران دەستی پێکردەوە. ئەو شەڕەی سی و دوو ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران لەگەڵ ژنانی ئەم وڵاتەیان دەست پێکردوە، هەر دێ و بەردەوام دەبێ. بەڵام لە سی و دوو ساڵی رابردوودا هیچکات بەقەت ئێستا هەلومەرج و ژیانی خەڵک لەم وڵاتەدا ئاوا ناخۆش و ئازار هێنەر نەبووە. هەژاری و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکەوە و، سەرکوت و سانسۆر و زیندان و ئێعدام لە لایەکی دیکەوە ژیانی خەڵکیان تاڵ و ئازاراوی کردوە. ژنانی ئەم وڵاتە سەرباری هەموو ئەو مەسەلەو گرفتانەی کە بەسەر شانیانەوە قورسایی دەکا و لەهەمواندا بەشی زۆریان پێبڕاوە، بە دەست قانوون و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانیشەوە دەناڵێنن. ئەگەر چاو لە وێنە هەواڵەکانی ئەم رۆژانە بکەین، شەڕی «حیجاب» لە لایەن مەئموورە چارشێو و شەپکەبەسەرەکانی رێژیم لە دژی ژنانی ئێرانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ و دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەڕاستی ژیان لەژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە تاڵەبانییەدا بۆ ژنان دژوارە.

بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، حیجابی ژنان بە یەکێک لە پایە هەرە سەرەکییەکانی سەقامگرتوویی و بەهێزبوونی نیزامەکەیان دەزانن. ژنانی «بەدحیجاب» یش بە هۆکاری بێبەندو باریی کۆمەڵگە و لاوازیی حکوومەتەکەیان دەزانن و بەم بیانوویە رۆژانە لە شەقام و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان هێرش دەکەنە سەر ژنان و هەرچی سووکایەتییە پێیان دەکەن. رۆژ و مانگ و ساڵ نیە گەڵاڵەو بڕیارێکی ناڕەوا دژی ژنان دەر نەکرێ. بوونی کچانی خوێندکار لە پەنا هاوکلاسییە کوڕەکانیاندا بە هۆکاری تێکدانی «ئارامیی دەروونی» خۆیان و بنەماڵەکانیان و حزووری ژنان لە قاوەخانەکان و چایخانەکان بە هۆکاری بڵاو بوونەوەی فەساد و بێئەخلاقی دەزانن. ئەوان، ژنان پێش ئەوەی وەک ئینسان ببینن وەک کەرەسەیەکی جینسی بۆ پیاوان، چاویان لێدەکەن.

بە سەرنجدان بە کەلتووری پیاوسالاری و گەرمبوونی بازاڕی شەرع و سوننەت و پشتیوانیی یاسا کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەبێ ژنان لەم وڵاتە چ بچێژن؟! خانمێکی ناسیاوم بۆ سەفەرێک چووبوو بۆ دەرەوەی ئێران، باسی لە کاریگەریی حیجاب و قانوونەکانی ئێران لەسەر ژن بۆ کردم و دەیگوت: «ئێمە لە باری رووحییەوە لە سەفەریشدا ئارام نین. کاتێک بە بێ رووسەری لە دەرەوەی ئێران بەشەقامدا دەڕۆیشتم _ لەگەڵ ئەوەی قانوون ئەو حەقەم پێدەدا لە دەرەوەی ئێران قانوونی وڵاتەکەی خۆم بەڕێوە نەبەم_ بەڵام بە ترس و دڵەراوکێوە هەنگاوەکانم هەڵدێنایەوە، لەوێ هیچ کەس لەبەر بێحیجابی لۆمەی نەدەکردم، هێرشیان نەدەکردەسەرم و قسەی سووکیان پێ نەدەگوتم، بەڵام قورسایی چاوی پیاوانی وڵاتەکەی خۆم لەوێش هەست پێدەکرد».

تەبلیغاتی هەمەلایەنەی راگەیەنەگشتییەکانی دەوڵەتی لەسەر حیجاب بەداخەوە کاریگەریی کردۆتە سەر بیرکردنەوەی خەڵکێکی زۆر لەو وڵاتە. بۆ نموونە ئەگەر ژنێک پابەند نەبێ بە هەموو ئوسوولەکانی پۆشینی حیجاب، لە شەقام نەک تەنیا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە کێشەی بۆ دروست دەبێ، بەڵکوو لەلایەن خەڵکانێکیشەوە دەکەوێتەبەر تانەو تەشەر. بە قەولی ئێرانییەکان بارانی مەتەڵەک هاوێشتن بەسەریدا دەبارێ. ئەم هاودەنگییە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە زیانی ژنان تەواو بووە و بەداخەوە بۆتەهۆی خولقاندنی کۆمەڵێک کێشەی دەروونی بۆژنان. ژن نە لە ماڵ، نە لە شەقام، نە لەخوێندنگە، نە لەبازاڕ و ... ئارامی و ئەمنییەتی نیە.

راستە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەو هەموو دامودەزگا تەبلیغاتییەوە کاریگەری زۆری لە سەر سەپاندن و روانینی کۆمەڵگە لەوبارەوە هەبووە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە حیجاب و داپۆشراویی ژن ریشەیەکی قووڵی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە.

**درێژە بۆ لاپەرەی ١٠**